# گرنگی زمانی ئاماژە لە میدیادا بۆ نابیستەکان لەکاتی قەیرانەکاندا (کۆڤید -١٩ بە نموونە)

**لەلایەن تیمی توێژینەوەی زانستی ڕێکخراوی کەمئەندامانی هەڵەبجە. پێشکەشی کۆنفرانسی زانستی (ژینگەیەکی ئاسانکراو، کۆمەڵگەیەکی لەخۆگر) دەکرێت.**

مظفر جبار عبدالله
کاروان مؤمن علي
نیان عزیز سلیمان
سەروەت عبدالله محمد

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە : ٢٠٢٥/٩/١١

**پوختەی توێژینەوە:**

قەیرانەکان ئەو ڕووداوانە بە ڕوودانیان ناهاوسەنگی لە دۆخی ئاسایدا دروست دەکەن، و دەبنە هۆکاری مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکان یان ڕێکخراو و دامەزراوەکان. لەکاتی قەیرانە سروشتییە لەناکا و چاوەڕوان نەکراوەکانی وەک لافاو، زریان، زەمین لەرزە و بورکانەکان، یان قیرانە مرۆییەکانی وەک قەیرانی ئابووری، تیرۆریزم، جەنگی نێوان دوو وڵات یان لایەنی سیاسی، نەخۆشی و پەتا گشتگیرەکانی وەک COVID-19 لایەنی پەیوەنیدار بە قەیرانەوە، گرنگترین ڕۆڵ دەبینێت لە بەڕێوەبردن و کۆنتڕۆڵ کردنی قەیرانەکاندا، ئەمەش بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ ئەو دۆخەی تێیکەوتوون، هەروەها پاراستنی سەلامەتی هاووڵاتیانی ناوچەی قەیرانەکە بە هەموو توێژەکانییەوە. پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا ٢٠١٩ (کۆڤید-١٩) بە هۆی خێرای لە بڵاو بوونەوەو بەهێزی لەکاریگەریدا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وەک پەتایەکی سەرتاپا گیرو قەیرانێکی تەندروستی جیهانی خۆی ناساند، تەنانەت کاریگەری قووڵی لەسەر شێوازی تێگەیشتنمان لە جیهان و ژیانی ڕۆژانەمان هەبووە. نەک تەنها ڕێژەی بڵاوبوونەوەی تووشبوون و شێوازی گواستنەوە هەستی ئاسایشی ئێمەی خستە مەترسییەوە، بەڵکو ئەو ڕێوشوێنە سەلامەتییانەی کە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دانران، وەک دوورکەتنەوە لەیەکترو ئەنجامنەدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی ڕووبەڕوو، دوورکەوتنەوە لەئەنجامدانی ئەو کارەی کە لە بنەڕەتدا مرۆڤین و پێویستی بنەڕەتی و سەرەکی ژیانن ڕۆتینی ڕۆژانەی مرۆڤەکانی گۆڕی.

بۆ کۆنتڕۆڵ و بەڕێوەبردنی هەر قەیرانێک چەندین هۆکارو ڕێکار هەیە کە دەبێت بگیرێتە بەر، یەکێک لەگرنگترین ڕێکارەکان هۆکارەکانی پەیوەندیکردنە، چونکە بەبێ دروستکرنی ڕایەڵەیەکی پەیوەندیکردن ئاسان نییە پەیامەکان بگەیەنرێتە کەسانی دەوروبەری ناوچەی قەیران و لەسەلامەتی و خۆپارێزی و زانیارییەکان ئاگادر بکرێنەوە، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پرسی قەیران و بەڕێوەبردن و پەیوەندیکردندا ( Crises, crises management, and communication crises) هەیە، تەلەفزیۆنیش وەک یەکێک لەکاریگەرترین کەناڵەکانی پەیوەندیکردن ڕۆڵی گرنگ

دەبینێت لەم نێوەندەدا. تیمەکانی بەڕێوەبردنی قەیران دەتوانن زانیاری، ڕێنمای، هەواڵەکان لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانەوە بگەیەننە هاوڵاتیان و هۆشیاریان بکەنەوە.

کۆمەڵگە لە چەندین توێژی جیاواز پێکهاتووە، توێژێک پێداویسیتی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەک چۆن بەڕێوەبەرانی قەیران دەبێت لایەنە پەیوەندیدارەکانی خۆیان بناسن و بەپێی پێداویستییان زانیارییان پێبدەن (اولمر، سگوت، و سیگر، ١٣٩١)، بەهەمان شێوەش میدیاکان لەکاتی قیرانەکاندا دەبێت بۆ توێژێک بەپێی پێداویستی توێژەکە پەیامەکانی بنێرێت. توێژێک خاوەنپێداویستی تایبەت لەکوردستان لەڕووی ژمارە و پێداویستییەوە تایبەتمەندین خۆیان هەیە، لەناویشیاندا کۆمەڵەی (نابیستەکان)، کە مەبەست لێیان ئەو کەسانەن لەڕێگەی زمانی ئاماژەوە دەتوان پەیوەندی بەدەرەوەی خۆیان بکەن. لەکۆتای توێژینەوەکەدا ئێمە بەو ئەنجامە گەشتنین کە ئامادەیی زمانی ئاماژە لەکاتی قەیرانی کۆڤید-١٩ گرنگییەکی ژیانی هەبووە بۆ نابیستەکان، بەڵام میدیای کوردی بەپێی پێویست بەدەم ئەم پرسەوە نەبووە، بۆیە نابیستەکان خۆیان بەجۆرێک لە گروپە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە لەقەڵەمداوە لەکاتی قەیرانەکەدا.

**چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**: میدیا، ئەرکەکانی میدیا، نابیستەکان، قەیران، کۆڤید-١٩.

**پێشەکی:**

لە جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ (UDHR) (١٩٤٨) بە ڕوونی باسی کەمئەندامی ناکات، بەڵام داندەنێت بە بناغەی مافەکانی هەموو مرۆڤێکدا، و جەخت لەسەر یەکسانی، کەرامەت، و جیاکاری نەکردن دەکاتەوە. لە (١٩٩٣)دا ڕێسا ستانداردەکان سەبارەت بە یەکسانکردنی دەرفەتەکان بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەرکرا، لەم ڕێسایانەدا (کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکراون)، هەموو ئەو ڕێنمایانە بۆ حکومەتەکان ڕوونکراونەتەوە کە پێویستن بۆ دەستەبەرکردنی مافە یەکسانەکان، بەشداریکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە پرسە گرنگەکانی ڕۆژدا. لەناو کەسانی خاوەن پێدویستی تایبەتدا گروپێکی دیکە هەیە بە (نابیستەکان) ناوزەند کراون، مەبەست ئەو کەسانەیە ناتوانن لەڕێگەی زمانی ئاساییەوە پەیوەندی بەدەرەوەی خۆیانەوە بکەن لەبەرئەوەی نابیستن یان کێشەی بیستنیان هەیە. بە پێی ئەو ئامارەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاو کراوەتەوە لە ئێستا ٧٠ ملیۆن کەسی نابیست لە هەموو دونیادا تۆمارکراون کە هەندێکیان بە نابیستی لەدایک بوون، هەندێکیان بەهۆی جەنگەکانەوە نابیست بوون، هەندێکیشیان بەهۆی کارەساتێکەوە دەزگای بیستنیان لەدەست داوە. هەموو ئەمانە زمانی ئاماژە بەکار دەهێنن بۆ پەیوەندیکرن، جا هەندێک لەدایک و باوکیانەوە وەریانگرتووە، هەندێکیش لە قوتابخانەو ناوەندەکاندا فێرکراون و ئێستا بۆتە زمانی ستانداردیان ' زمانی ئاماژە سود لە جوڵەی دەست وەردەگرێت بۆ پەیوەندیکردن، کە چەندین سەدەیە بوونی هەیە. لە ئێستادا (٧١) وڵات هەن کە زمانی ئاماژە وەک بەشێک لە چوارچێوەی یاسایی خۆیان دەناسن، هەروەها نزیکەی (٣٠٠) زمانی ئاماژە لە جیهاندا بە فەرمی بوونی هەیە' (Saah, S. (2022, September 23). ئەم توێژەی کۆمەڵگە ڕۆژانە لە پەیوەندیدان لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا وەک هەر کەسێکی ئاسایی، بەڵام لەبەر ئەو بارودۆخەی هەیانە بەردەوام ڕووبەڕووی چالێنچ و گیروگرفت دەبنەوە. ئەم گرفتانە کاتێک دەگەنە دۆخێکی مەترسیدا بەجۆرێک دەتوانێت مەترسی کەسێکی نابیست بخانە مەترسیەوە کە دەگاتە قۆناغی قەیران. جا مەبەستمان لە قەیران ئەو دۆخەیە کە تێیدا ' ڕوداوی چاوەڕوان نەکراو، گۆرانی لەناکاو، بارودۆخی دژوار، بارودۆخی نائاسایی، بێزارکەر، هاوسەنگی، کەمبوونەوەی کۆنترۆل و گۆڕانی پەیوەندی ئاسایی' ڕوودەدات (نصراللهی، ١٣٨٩، ٣٧). لەم کاتەدا کەسی نابیست دەبێت لەبارودۆخەکان ئاگاداربکرێتەوە، وەک دەرکەوتووە میدیا ڕۆڵێکی زۆر

گرنگ دەبینێت لەگواستنەوەی ئەم زانیارییانەدا بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە. بۆنمونە لە دۆخێکی وەک پەتای سەرتاپاگیری کۆرۆنا ڤایرۆس ناسراو بە کۆڤید-١٩ (Covid-19) کە کەرەنتینە دەبێتە یەکێک لەرێگاکانی کۆنترۆڵکردنی پەتاکە، واتە ڕێگە نادرێت کەس پەیوەندی نزیک ئەنجامدات و بچێتە دەرەوە یان پەیوەندی بکات بە گروپەکانی خۆیانەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری، ئەوکات میدیا هەڵدەستێت بە دروستکردنی ئەم پەیوەنیدیانەو گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ هاوڵاتیان. لەم کاتانەدا نابیستەکان تەنها دەتوانن لەڕێگەی ئەو پەیامانەی میدیاکان (تەلەفزیۆن) بە زمانی ئاماژە دەینێرن زانیارییەکان وەربگرن و لەو قەبارەی بارودۆخەکە و مەترسییەکە ئاگادارین.

کەواتە میدیا لەکاتی قەیرانەکانەکاندا لەپاڵ ئەو ئەرکە گشتییەی کە هەیەتی بەرامبەر کۆمەڵگە، ئەرکێکی تایبەتیش هەیە کە بریتییە لە گەیاندنی پەیام، ڕێنمایی، یاسا و ڕێسا تایبەتەکانی سەردەمی قەیرانەکە بە نابیستەکان، ئەویش لەڕێگەی دابینکردنی وەرگێڕی تایبەت کە دەتوانێت زمانی نووسین و گفتوگۆ بگۆڕێت بۆ زمانی ئاماژە.

## ١. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### ١.١ گرنگی توێژینەوەکە؛

زمانی ئاماژی بریتییە لە گرنگترین و تاکە کەناڵی پەیوندیکردنی نابیستەکان بە دەرەوەی خۆیان، لەکاتی دۆخێکی قەیراناویدا میدیاکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوڵاتیاندا، زۆرجار ژیانی کەسی نابیست لەبەر نەبوونی وەرگێر لەو دۆخانەدا دەکەوێتە مەترسییەوە، لەڕووی ئەکادیمییەوە بابەتێکی زۆر گرنگە، بۆیە ئەم ناونیشانەمانکرد بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمان.

### ٢.١ گرفتی توێژینەوەکە

لە ڕاستیدا توێژینەوە لەبارەی کەسی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە لە ناو میدیادا ئەنجامدراوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر کردووە بریتییە لە کەسانی (نابیستەکان) و زمانی ئاماژ لەناو میدیادا لەدۆخێکی قەیراناویدا. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەئەندازەی گرنگی زمانی ئاماژە لەکاتی قەیرانێکی سروشتی یان مرۆیی لەمیدیادا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی گواستنەوەی زانیاری بۆ کەسانی نابیست. بە ئامانجی گەیشتن بە ڕوونکردنەوەی ئەو گرنگیانە لەڕێگەی خودی کەسە نابیستەکانەوە، لەهەمان کاتدا خستنەڕووی توانای میدیاو پەیامە میدیاییەکان لەدروستکردنی پەیوەندنی لەگەڵ ئەم توێژەی کۆمەڵگەو گواستنەی زانیاری بۆیان.

### ٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە؛

ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی خستنەڕووی گرنگی زمانی ئاماژە لە ژیانی ڕۆژانەی نابیستەکاندا بۆ وەرگرتنی زانیاری لەلایەکەوە، و لەلایەکی دیکەوە گرنگی ئامادەیی ئەم زمانە لەناو میدیادا لەکاتی دۆخە قەیراناوییەکانی وەک پەتای گشتیدا ئەنجام دراوە.

### ٤.١ میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی چۆنایەتی و لە ڕێگەی (چاوپێکەوتنی قوڵەوە)وە لەگەڵ( ٧کەسی نابیست) چاوپێکەوتن ئەنجامدراوەو پاشان داتاکان شیکراونەتەوە.

**٥.١ سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیەی لە ڕووی گەوپەوە نابیستەکانی گردۆتە ئامانج و لەڕووی جوگرافییەوە پارێزگای هەڵەبجەی هەڵبژاردووە، لە ڕووی کاتیشەوە قەیرانی کۆڤید-١٩ ساڵی ٢٠١٩ تا ساڵی ٢٠٢١ی دیاریکەدووە

**٦.١ پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەسەر چەند باسێکدا دابەشکراوە. لەباسی ئەرکەکانی میدیادا هەوڵدراوە بە سود وەرگرتن لە دوو تیۆری لە دوو گۆشەنیگاوە گرنگی میدیاو ڕۆڵیان لەکاتی قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگەدا بخەینەڕوو. لە تیۆری ئەرکگەرایدا باس لە ئەرکە گرنگەکانی میدیاکراوە بۆ دروستکردنی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەکاتی قەیرانەکاندا. لەڕێگەی تیۆری وابەستەیی وەرگر بە میدیاوە باس لەچاوەڕوانی وەرگر کراوە لەمیدیا لەکاتی قەیرانەکاندا، واتە وەرگر لەکاتی دۆخێکی نائاسایدا ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ میدیا و لەوێ بەشوێن زانیاریدا دەگەڕێت لەبارەی قەیرانەکەوە. لەباسی دواتردا قەیران و جۆرەکانی قەیران ڕوونکراونەتەوە و بەسراوەتەوە بە ژیانی نابیستەکانەوە. لەباسی دواتردا ئەو زانیاریانە شیکار کراوە کە لەڕێگەی چاوپێکەوتنی قوڵەوە لەگەڵ نابیستەکان کۆمانکردبوونەوە. بە شیکارکردنی چاوپێکەوتنەکان لەکۆتایدا گەشتوینەتە چەند ئەنجامێک. لەکۆتایی توێژینەوەکەدا ڕاسپاردەو پێشنیارەکانمان خستۆتەڕوو بۆ باشترکردنی دۆخی نابیستەکان لەکاتی قەیرانەکاندا.

**٢. توێژینەوەکانی پێشوو:**

لەم باسەدا هەوڵدەدین ناوەڕۆکی ژمارەیەک لەو توێژینەوانە بخەینە ڕوو کە دەربارەی کۆمەڵگەی نابیستەکان و کاریگەری میدیاو گرنگی ئەم دەزگایانە لەژیانی نابیستەکاندا بەتایبەت لەسەردەمی قەیرانی کۆڤید-١٩دا.

ئەنوەر و هاوکارانی لەساڵی (٢٠٢١) توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا لەژێر ناونیشانی { Role of Mass Media and Public Health Communications in the COVID-19 Pandemic} "ڕۆڵی ماس میدیای و پەیوەندییەکانی تەندروستی گشتی لە پەتای کۆڤید-١٩" ، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە خستنە ڕووی ڕۆڵی فرەلایەنەی ماس میدیای لە داڕشتنی دەرئەنجامەکانی (تەندروستی گشتی) لە کاتی پەتای کۆڤید-١٩دا. توێژەران سەرنجیان خستۆتەسەر ئەوەی کە چۆن میدیا کاریگەری لەسەر هۆشیاری گشتی، ڕەفتارە تەندروستییەکان، ئاسودەیی دەروونی هەبووە، لەهەمان کاتدا تیشک دەخەنە سەر بەشداریکردن لە بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵەو چەواشەکاری کۆمەڵایەتی. ئامانجی توێژینەوەکەش بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ کاریگەرییەکانی ماس میدیای لەسەر تەندروستی گشتی لە کاتی پەتاکەدا. بەو ئامانجەی هەم سوودو هەم ئەو ئاڵنگارییانە دەستنیشان بکەن کە داینامیکی میدیا دەیخەنە ڕوو، لەگەڵ پێشنیارکردنی ئەو ستراتیژیانەی دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر قەیرانە تەندروستییەکان لە داهاتوودا. توێژینەوەکە جەخت لەسەر پێویستی میدیا دەکاتەوە وەک پلاتفۆرمێکی متمانەپێکراوو بنیاتنەر بۆ خزمەتکردن، کاربکەن بە ئاڕاستەی بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست، لە هەمان کاتدا بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی زانیاری هەڵە لەکاتی قەیرانە تەندروستییەکاندا.

لە ڕووی میتۆدۆلۆژیەوە توێژەران بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان کاریان لەسەر شیکاری ناوەڕۆک بۆ ڕووماڵەکانی میدیاو پەیوەندییەکانی تەندروستی گشتی کردووە لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ تاوەکو تەمموزی ٢٠٢٠. هەروەها سەرچاوەی داتا سەرەتایی و لاوەکییان بەکارهێناوە، لەوانە ڕاپۆرتەکانی میدیا، ڕێنماییەکانی تەندروستی گشتی، توێژینەوەکانی پێشوو لە کەیسەکان، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان پەیامەکانی میدیا و بەدەمەچوونی هاوڵاتیاندا هەیە. لەگەڵ ئەمانەشدا شیکاری بەراوردکاری لەگەڵ پەتاکانی پێشووتر، وەک سارس، H1N1، و MERS .

لەکۆتایدا توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەشتوون کە ماس میدیای ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە پێشخستنی ڕێوشوێنی تەندروستی گشتی وەک؛ دووری کۆمەڵایەتی، بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی پاکوخاوێنی، دابینکردنی بەکارهێنان و دەستگەشتن بە پزیشک لە دوورەوە. دەرەنجامە ئەرێنییەکان بریتی بوون لە پەروەردەی تەندروستی بەرفراوان و باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بەسەرچاوەکانی تەندروستی دەروونی، بەڵام توێژینەوەکە کاریگەرییە زیانبەخشەکانی زانیاری هەڵەی خستۆتەروو، بەتایبەتی سەبارەت بە چارەسەرە پشتڕاستنەکراوەکانی وەک هایدرۆکسیکلۆرۆکوین، کە بووە هۆی دەروستکردنی بارودۆخێکی سەرلێشێواوی لەناو هاوڵاتیاندا گشتی و مەترسی تەندروستی. سەرەڕای ئەوەش، پەیامی میدیایی بوونەتەهۆی بڕیاردانی ناداپەروەری پێشوەختە دەربارەی شوێنی دەرکەوتنی ڤایرۆسەکە، پاشان بڵاوکردنەوەی بابەتی چەواشەکردنی ڕەگەزی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی-ئابووریدا کردووە.

توێژینەوەیەکی دیکە کە باس لە کاریگەرییەکانی میدیا دەکات لە سەردەمی قەیرانی کۆرۆنا ڤایرۆسدا برتییە لە توێژینەوەی تۆماس و هاوکارانی (٢٠٢٠) بەناویشانی { How the Media Places Responsibility for the COVID-19 Pandemic—An Australian Media Analysis } واتە (میدیا چۆن بەرپرسیارێتی کۆڤید-19 دەگرێتە ئەستۆ، شکاری میدیای ئوسترالی). توێژینەوەکە لە ساڵی (2020) ئەنجامدراوە، کار لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن میدیا ئوسترالیایەکان بەرپرسیارێتیان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەتای Covid-19 دا نیشانداوە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو ناوەڕۆک و چوارچێوانەی کە میدیا بۆ (دیاریکردنی بەرپرسیارێتی و چۆنییەتی پەرەسەندی بە درێژای کات) بەکاریان دەهێنا. توێژەران هەوڵیانداوە لە کاریگەریی ئەم گێڕانەوانەی میدیایی لەسەر تێڕوانین و ڕەفتاری گشتی وەرگران لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ پەتاکەدا تێبگەن. مەبەستی توێژینەوەکەش بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە چۆن گێڕانەوەی (ڕاپۆرت و بابەتی) میدیایی لەبارەی (بەرپرسیارێتی و تاوانبارکردن) کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری گشتی و پابەندبوون بە ڕێوشوێنەکانی تەندروستی گشتیەوە دەبێت. تێگەیشتن لەم داینامیکیانە زۆر گرنگە بۆ باشترکردنی ستراتیژییەکانی پەیوەندیکردن لەقەیرانە تەندروستییەکانی داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە فراوانەکانی چوارچێوەی میدیا.

میتۆدی توێژینەوەو کۆکردنەوەی داتاکان بریتی بووە لە شیکاری بابەتیی و چوارچێوەدان بە ٣١٣ بابەتی ڕۆژنامەیی کە دەرباری کۆڤید-١٩ بووە، کە لە نێوان ٢٠ی ژانویە تا ٣١ی ئازاری ٢٠٢٠، لە ڕۆژنامەی (ئوسترالی و سیدنی مۆرنینگ هیرالد) بڵاوکراونەتەوە. لە کۆتایدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامە گەیشتووە؛ سەرەتا میدیاکان بە شێوەیەکی سەرەکی باسیان لەوە کردووە کە چۆن پەتاکە کۆمەڵگا تێکدەدات، بەتایبەت کاریگەرییە ئابوورییەکانی (وەک لەدەستدانی هەلی کارو ناسەقامگیری بازاڕی دارایی). لە سەرەتای پەتاکەدا، میدیاکان بە دەگمەن حوکمی بابەتی (هەڵسەنگاندنی ڕاست یان هەڵە)یان داوە. بەڵام لەگەڵ باشتربوونی دۆخەکەو نەرم بوونی "کێشەکە" (وەک وەستان و کەم بوونەوەی بەرزبوونەوەی ژمارەی کەیسەکان بەخێرایی)، میدیاکان دەستیان کرد بەهەڵسەنگاندنی بابەتی زیاتر. بۆ نموونە کۆمێنتیان لەسەر ڕەفتاری خەڵکی داوە، وەک کڕینی شتومەک و ئەمبارکردنی لەترساندا، دڵەڕاوکێ یان پابەندنەبوون بەرێنماییە تەندروستییەکانەوە.

توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە میدیاکانی ئوسترالیا کاتیان پێویست بووە بۆئەوەی بە تەواوی پەیوەندی و مامەڵە لەگەڵ پەتاکەدا بکەن، تەنها دوای ئەوەی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون و مردن دەستی بەبەرزبوونەوە کرد لە ئوستراليا، رووماڵەکانیان زیاتر کرد. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەنگە لە سەرەتادا بە کەم سەیریان کردبێت کە دۆخەکە چەندە شێلگیرانە بووە.

توێژینەوەیەکی دیکە کە لە بواری قەیرانی کۆڤیدا-١٩ و کاریگەری لەسەر نایستەکان ئەنجامدراوە بریتییە لە توێژینەوەکەی (تیفانی و هاوڕێکانی) لە ساڵی (٢٠٢١) لەژێر ناونیشانی { The Deaf Community's Experiences Navigating COVID-19 Pandemic Information } واتە (ئەزموونی نابیستەکان لە ئاراستەکردنی زانیارییەکانی پەتایی کۆڤید-١٩). توێژینەوەکە کارلەسەر لەوە دەکات کە چۆن بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژە (ASL)، (واتە نابیستەکان) لە کاتی پەتای کۆڤید-١٩دا زانیاری تەندروستییان ئاراستەکراوە. توێژەران تیشکیان خستوتە سەر ئەو بەربەستە گرنگانەی کە ڕووبەڕووی نابیستەکان بۆتەوە، لەوانە بەردەست نەبوونی وەرگێر (دابڕان لە ڕووی زمانەوە) و دەستڕانەگەیشتن بە زانیارییە تەندروستییەکان بەهۆی سنوورداری زانیارییەکان لەسەر شێوەی زمانی ئاماژە (ASL)، ئەم زانیاریانە لەبارودۆخێکی وەک قەیرانی کۆڤید-١٩دا زۆر گرنگن، بەڵام لەبەرئەوەی زانیارییە تەندروستییەکان، زۆرجار بە شێوەی زمانی ئاماژە بڵاوناکرێنەوە، بۆیە نابیستەکان دەستیان پێناگات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر بێ دەستەڵات بین لە وەرگرتنی زانیارییەکاندا.

توێژینەوەکە دوو ئامانجی سەرەکی هەبووە؛ بەراوردکردنی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکانی پەیوەست بە کۆڤید-١٩ لە نێوان بەشداربووانی نابیستەکان و بیستەکاندان. هەروەها هەڵسەنگاندنی زانیاری لەسەر نیشانەکانی کۆڤید-١٩، ڕێوشوێنی خۆپارێزی، ئاراستەکردنی ڕەخساندنی چاودێری تەندروستی لەنێوان هەردوو گروپەکەدا. بۆ ئەمکارەش توێژەران هاتوون لەڕێگەی ڕاپرسییەکەوە کە لەنێوان ١٠٤ کەسی نابیست و ٧٤ کەسی بیستەردا بڵاوکراوەتەوە زانیاریان کۆکردۆتەوە و بەراوردیان ئەنجامداوە. کۆکردنەوەی زانیاری لە نێوان مانگی نیسان و تەمموزی ٢٠٢٠ لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی دوورەوە (ئۆنلاین )کە لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانس، ئەپی مۆبایلە زیرەکەکان، یان پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجامدراوە. لەکۆتایدا توێژەران بەو ئەنجامە گەشتوون، کە بەشداربووانی نابیست (٤.٦) هێندە زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەبووە کە کێشەیان بۆ دروست بووە لە دەستگەیشتن بە زانیارییەکانی کۆڤید-١٩. لە دیارتین ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە بریتی بوون لەکەمی زانیاری بە زمانی ئاماژە (ASL)، باوەڕنەکردن بەو زانیاریانەی بڵاو کراونەتەوە (بێمتمانەیی)، کێشەکانی تێگەیشتن لەڕێنماییە نووسراوەکان. هەروەها توێژینەوەکە ئەوەی پشتراست کردۆتەوە کە نابیستەکان بەزۆری پشتیان بە تەلەفزیۆن/هەواڵ و سۆشیال میدیا بەستبوو، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی (دەبیستن) سەرچاوەی زانیارییەکانیان هەمەجۆرو فراوانتر بوو. لەکۆتایدا توژینەوەکە ئەو بۆشاییەی خسوەتەڕوو کە لەگەیاندنی زانیاریدا هەبووە بە نابیستەکانی لە سەردەمی قەیرانی کۆڤید-١٩ دا. ئەمە لەکاتێکدا هەندێک زانیارییان بەدەست گەشتووە، بەڵام زۆر گرنگە لایەنی پەیوەندیدار لەوە دڵنیابن کە کۆمەڵەی نابیستەکان بەیەکسانی دەتوانن دەستیان بگات بە هەموو سەرچاوەکانی زانیاری دروست.

کۆتا توێژینەوە لێرەدا دەمانەوێت بیخەینەڕوو بریتییە لەو توێژینەوەی (ئەلێکساندەرۆس پراتزیۆتیس و هاوڕێکانی(٢٠٢٣) ئەنجامیانداوە لەبارەی گرنگی ئامادەیی زمانی ئاماژەکان لەبەرنامە سەرەکییەکانی سۆشیال میدیا (MSMA) بۆ بەکارهێنەرانی نابیستەکان، لە ژێر ناونیشانی { Making social media applications inclusive for deaf end-users with access to sign language} واتە (سازاندنی بەرنامەکانی سۆشیاڵ میدیا بۆ نابیستەکان و دەستڕاگەشتن بە زمانی ئاماژە)، توێژینەوەکە جەخت لەسەر یەکخستنی زمانی ئاماژە دەکاتەوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی

پەیوەندیکردن. کاری لەسەر پرۆژەی (ASM4Deaf) کردووە، و سیستەمێک دەناسێنێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات کە بە بەرنامەی مۆبایلی "Connect Deaf" ناسراوە وەک چارەسەرێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کارێک بکرێت کە نابیستەکان بتوانن بەرنامە سەرەکییەکانی سۆشیاڵ میدیا لەرێگەی داهێنانە نوێکانی تەکنەلۆجیاوە بەکاربهێنن. توێژینەوەکە لە ڕێگەی سودوەرگرتن لە میتۆدی مرۆڤ سەنتەر (HCD) توێژینەوەکە لە ڕێگەی فۆکەس گروپەوە لە (قوبرس و ئەمریکا) هەستا بە کۆکردنەوەی داتاکان، ئەویش لەسەرەتادا توێژەران ئاپێکیان دروستکردووە (کە پێی دەوترێت "پرۆتۆتایپ") بۆ ئەوەی تاقیبکەنەوە کە چۆن کار دەکات. دواتر ئەو نموونە سەرەتاییەی ئاپەکەیان پیشانی کۆمەڵێک بەکارهێنەری نابیست داوە، پاشان فیدباکەکانیان کۆکردەوە. ئەم فیدباکانە یارمەتی توێژەرەکانیدا کە بزانن: بەکارهێنانی ئەپەکە چەندە ئاسان و ئاسودەیە، ئایا ئەپەکە ئەو کارە دەکات کە بڕیارە بیکات، لەکۆتایدا ئەم پرۆسەیە ڕێگەی بە توێژەراندا هەنگاو بە هەنگاو ئەپەکە باشتر بکەن.

لە کۆتایدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانە گەشتووە: کە ئەپی Connect Deaf بە سەرکەوتوویی ١٧ جۆر لە زمانی ئاماژە لەخۆ دەگرێت، کە بەکارهێنەرانی نابیست دەتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیای وەک واتسئەپ، مەسنجەر، و تێلێگرام بەکاری بهێنن و پەیوەندی بەیەکەوە بکەن. ئەپەکە کۆمەڵێک داهێنانی تایبەتی تێدا کراوە؛ لەوانە GIFی ئەنیمەیشنی بە زمانی ئاماژە، تەکنەلۆژیای گۆڕینەوەی دەموچاو (ئیمۆج) و (هەڵبژاردەی جۆری کیبۆرد) واتە نابیست دەتوانێت بە خواستی خۆ کیبۆرد هەڵبژێرێت، ئەمەش دەستراگەیشتن و ئەزموونی بەکارهێنەر بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە. فیدباکەکانی بەکارهێنەران ئەوەیان دەرخستووە کە زۆربەی بەشداربووان بەکارهێنانی ئەپەکەیان بە ئاسانی زانیوە، لە (٨٠%) متمانەیان نیشانداوە بۆ بەکارهێنانی ئاپەکە، و (٦٠%)یش ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە بەردەوامی بەکاریدەهێنن.

### ٣. گرنگی میدیا لە ڕوانگەی ئەرک و زانیارییەوە

میدیا بەگشتی بەو ڕایەڵانە دەگووترێت لەرێگەیەوە دەتوانرێت زانیاری بە دەنگ یان وێنە یان بە (دەنگ و ڕەنگ) یان بە نووسین پەیامێکی دیاریکراو بگەیەنرێتە وەرگرێک یان وەرگرانێک لەهەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا. دان لاوگی دەڵێت؛ دەتوانین میدیا وەک تەکنەلۆجیایەک پێناسەبکەین کە دەتوانن پەیام بگەیننە وەرگرەکانیان لە ناوچەو پارچە جیاوازەکانی هەرێمێک یا وڵات یا خود جیهان. لە ئێستادا ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەفریۆن، سینەما (فیلم)، ئینتەرنێت و سوشیاڵ میدیا ڕایەڵەکانی گەیاندنی پەیامن، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت بەم ڕایەڵانە دەگووترێت (میدیای جەماوەری) – ( Mass Media). (Laughey, 2007). بەگشتی دەتوانین بڵێین؛ تیۆری برتییە لە ڕێگەیەک بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن و لێکدانەوەی دیاردەکان، و خستنەڕووی چوارچێوەیەک دەربارەی ئەوەی، کە بۆچی دیاردەکان بەوشێوەیە ڕوودەدەن. کوین ویلیامز لەپێناسەی تیۆردا دەڵێت 'تیۆریا بەشێکە لە هەوڵی لێکۆڵەرەوان بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتین لە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەریان. ئامانجی تیۆریی ڕوونکردنەوە و هاوکاریکردن بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی دیاردەکان و خستنەڕووی ڕێنمایگەلێک تاوەکو پیشانی بدات بۆچی ئاوا دیاردەگەلێک بەشێوەیەکی تایبەت ڕوودەدەن' (مهدی زادە، ١٣٩١). کەواتە لەرێگەی تیۆرییەکانی میدیاوە دەتوانی ڕادەی کاریگەری ئەم کەناڵانە بزانی لەسەر ڕەفتارو بیرکردنەوەی تاکەکان. لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانی ڕادەی وابەستەیی وەگران بزانین بە میدیاکانەوە. لە ڕووی تیۆرییەوە لەم توێژینەوەیەدا ئێمە پێویستمان بەوە دەبێت بزانین میدیاکان چ ئەرکێکان لەسەرشانە بەرامبەر بە کۆمەڵگەو سیستەمی کۆمەڵایەتی، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە بزانین کە وەرگرانی میدیا تا چ ئەندازەیەک وابەستەن بە زانیاریەکانی میدیاوە. لەرێگەی ئەم دوو تیۆرییەوە

گرنگی میدیا بۆ کۆمەڵگەو تاک و پاراستنی سیستمەکە ڕوون دەکەینەوە، لەهەمانکاتدا گرنگیدانی وەرگر بە زانیارییەکای میدیا دەخەینەڕوو.

**١.٣. تیۆری ئەکگەرای** Functionalism:

ئێمە بە سود وەرگرتن لە تیۆری ئەرکگەرایین (Functionalism)، ئەرکەکانی میدیا بەرامبەر بە کۆمەڵگە و سیستمە کۆمەڵایەتییەکە دەخەینەڕوو. بنەمای تیۆری ئەرکگەرایی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا بریتییە لە پێناسە و ناساندنی ڕۆڵ و ئەرکەکانی (تاک و کۆمەڵایەتی) پەیامەکانی پەیوەندیکردن (میدیا). ئەم تیۆریە بەهاکان و نۆرمە هاوبەشەکان بە بنەڕەت دەزانێت بۆ کۆمەڵگە، و پێداگری لەسەر ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە دەکات کە پشتی بەستوو بە ڕێکەوتنگەلی ناوەڕۆکی، هەروەها گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان بەهۆکاری باشکردن و بەرەوپێشبردن دەزانێت، هەروەها ڕووداوەکان و چالاکیی دامەزراوەییەکان لەسەر بنەمای (پێداویسیەکان) هەڵدەسەنگێنێت و شیکاریان بۆ دەکات(مهدی زادە، ١٣٩١).
دەوترێت (ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو) پێویستی بە پاراستنی وێنەیەکی کەم تا زۆر ورد، یەکگرتوو، پاڵپشتی و پشتگیریکراو، کارکردنی کۆمەڵگە، و ژینگەی کۆمەڵایەتی هەیە. میدیاکان بە وەڵامدانەوەی بەردەوام بۆ داواکاری تاک و دامەزراوەکان، سوودی هەموو کۆمەڵگە بەدەست دەهێنن. ئەمەش بەو واتایە دێت، بۆئەوەی کۆمەڵگە بە ئاسانی کار بکات، مرۆڤەکان پێویستە تێگەیشتنێکی ورد و جێگیر و یەکگرتوویان هەبێت لە چۆنیەتی کارکردنی کۆمەڵگەدا. بە واتایەکی تر، ڕێکوپێکی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بەوەی کە خەڵک پێیان وابێت وێنەیەکی هاوبەشیان هەیە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، نۆرمەکان، و چاوەڕوانییەکاندا.
جا میدیا ڕۆڵی هەیە لە دارشتنی ئەم تێگەیشتنە هاوبەشەدا، ئەویش لەڕێگەی وەڵامدانەوەی پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی هەردوو لایەنەکەی کۆمەڵگەوە واتە: تاک و دامەزراوەکان (وەک حکومەت، کۆمپانیا، یان گروپە کولتوورییەکان)، میدیا دەتوانێت هەستکردن بە بەردەوامی و سەقامگیری لەناویاندا دروست بکات. ڕووماڵکردن و نوێنەرایەتیکردنی بەردەوامی میدیاکان بۆ ڕووداو و ڕەوت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی دیدێکی هاوبەش و بەهێز، کە لە بەرامبەردا پشتگیری لە ڕێکخستن و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەکات (McQuaid & Deuze, 2020). بۆنمونە لەکاتی قیرانە سروشتییەکاندا میدیا دەتوانێت دیدێکی هاوبەش لە کۆمەڵگەدا دروست بکات و تاکەکانی هەموویان هاودەنگ و یەکگرتوو بکات لەسەر ئەو قەیرانە و خۆپاراستن لە زیانەکانی.
هارولد لاسوێڵ (Harold Dwight Laswell) یەکێکە لە لێکۆڵەرەوانی بواری پەیوەندیکردن و مامۆستای ماف لە زانکۆ (ییل). لاسوێڵ یەکێکە لەو لێکۆڵەرەوانەی بە کورتی و پووختی سێ ئەرکی سەرەکی بۆ پەیامەکانی میدیا دیاری کردووە و بڕوای وای هەر پەیامێک لە میدیاوە ئاراستەی وەرگرسن دەکرێت دەبێت هەڵگری یەکێک یان ئەم سێ ئەرکە بێت (شرام، ١٣٨١):

1 . چاودێریکردنی(Surveillance): مەبەست لە چاودێریکردن بریتییە لە هەموو ئەو هەواڵ و زانیاریانەی میدیا دەربارەی ڕووداوەکانی پەیوەست بە گۆڕانکارییە ئابوورکان و بازاڕی بۆرسییە، گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا، پێشبڕکێ وەرزشییەکان، ڕووبەڕوو بوونەوە سەربازییەکان، و گۆڕانکارییە سیاسییەکان، بەدەستیان دەهێنێت و دەیانگوازێتەوە بۆ وەرگرەکانی. ئەم ئەرکە ئەو هۆشدارییەنەش لەخۆ دەگرێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەرباری بارودۆخە پڕ لە مەترسیەکان و قیرانەکانی وەک حاڵەتە ترسناکەکانی کەش و هەوا (ڕووداني لافا و زریانی مەترسیدار)، کاتە پڕ لەمترسییەکانی سەربازی (هێرشکردنی سوپای وڵاتی دوژمن)، شەڕ و کودەتاکان.

2. ئەرکی هاودەنگی کۆمەڵایەتی\ پەیوەندنی (Correlation): برتییە لەو هەڵبژاردن و شیکاریانەی لەلایەن میدیاکانیەوە دەکرێن بۆ ژینگە کۆمەڵایەتییەکان، کە دواجار دەبنە هۆی بەهێزکردنی عورف و عادات و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پاراستنی کۆدەنگییەکانی کۆمەڵگە. ئەرکی هاودەنگی میدیای دەتوانێت ببێتە ڕێگر لە هەر هەرشەیەک کە ڕووبەڕووی جێگیری کۆمەڵگە ببێتەوە و کۆنترۆڵ و ئاراستەی ڕایگشتی بکات.
3. گواستنەوەی میراتی کلتوری\ بەکۆمەڵایەتیکردن (Socialization): میدیا بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و کلتور لە نەوەیەکەوە دەگوازنەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، و بە فراوانکردنی بنەماکانی ئەزموونی هاوبەش یەکگرتووی کۆمەڵایەتی گەشە پێدەدات. کۆمەڵایەتی بوو لە ڕێگەی میدیاوە پرۆسەیەکە کە بە سرنجڕاکێشان و لەدەرووونەوە دروستکردنی بەهاکان و نۆرمە کلتورییەکان لەناو خەڵکیدا شێوەی خۆی وەردەگرێت.

لەم دیاریکردنەی هارۆلددا هەر سێ ئەرکەکە بۆ ڕوونکردنەوەی توێژینەوەکەمان زۆر گرنگە بەتایبەت ئەرکی یەکەم و دووەم کە میدیاکان دەبێت لەکاتی قەیران و ڕووداوە نەخوازراوەکاندا پێی هەڵبستن، ئەویش گەیاندنی زانیاریە بە وەرگرەکانیان، هەوەها دروستکردنی هاودەنگی و پێتیوانی کۆمەڵایەتی بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکە.

لەکۆتایدا دەتوانین ئاماژە بەو دابەشکارییە بکەین کە دێنیس مەککوایل و مارک دیوز( Denis McQuaid and Mark Deuze) لە کتێبی - تیۆری میدیا و پەیوەندییە جەماوەرییەکانی مەککوایل - ( McQuay’s Media & Mass Communication Theory) هێناونی و لەژێر ناوی (ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی میدیا)دا باسی کردوون( McQuaid & Deuze, 2020):

زانیاری (Information)

- پێدانی زانیاری دەربارەی ڕووداوو بارودۆخی کۆمەڵگا و جیهان.
- ئاماژەدان بە پەیوەندییەکانی دەسەڵات.
- ئاسانکاری بۆ داهێنان و گونجاندن و پێشکەوتن.

پەیوەندی (Correlation)

- ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەو سەرنجدان لەسەر مانای ڕووداوەکان و زانیارییەکان.
- دابینکردنی پشتیوانی بۆ دەسەڵات و نۆرمەکانی دامەزراو.
- کۆمەڵایەتیبوون.
- هەماهەنگیکردنی چالاکییە جیاوازەکان.
- دروستکردنی کۆدەنگی.
- دانانی ڕیزبەندی کارو ئەرکە لەپێشینەکان.

بەردەوامی (Continuity)

- دەربڕینی کولتووری باڵادەست و ناسینی وردە کولتوورەکان و پێشکەوتنە کولتوورییە نوێیەکان.
- بەهێزکردن و پاراستنی بەها هاوبەشەکان.

کات بەسەربردن (Entertainment)

- فەراهەمکردنی کات بەسەربردن و لایەنگری و هۆکارەکانی پشوودان.

- کەمکردنەوەی گرژی کۆمەڵایەتی.

کۆکردنەوە (Mobilization)

- بانگەشەکردن بۆ ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان لە کایەی سیاسەت، شەڕ، گەشەسەندنی ئابووری و کار و هەندێکجاریش ئایین.

کەواتە لە کۆشەنگای تیۆری ئەرکگەراییەوە ئیمیل دورکهایم (Emile Durkheim) باسی دەکات (ولیامز، ١٣٩٠) ، میدیاکان کە دەبنە یەکێک لە تەخمە گرنگەکانی کۆمەڵگەو بەرامبەر بە تاک و کۆی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە ئەرکیان هەیە، چونکە پاراستن و پارێزگاریکردنی لە سیستەمەکە گرنگترین شتە بۆ دروستبوونی ژیانێکی کۆمەڵایەتی تەندروست. ئەم ئەرکانەش لەکاتی قەیرانەکاندا بە ڕوونی دەردەکەون، بۆ پاراستنی ئەو هاودەنگییەی لەکۆمەڵگەدا هەیە، هەروەها دروستکردن و بەهێزکردنی کۆدەنگی لەکاتی قەیرانەکەو بەردەوامی قەیرانەکە تاوەکو کۆتایی هاتن بە قەیرانەکە.

## ٢.٣. تیۆری وابەستەیی وەرگر (Media Dependency Theory)

ئێستا دەمانەوێت لە گۆشەنگای تیۆری وابەستەیی وەرگرەوە باس لەوە بکەین وەرگران تا چەند چاوەڕێییان هەیە لە پەیامەکانی میدیاو وابەستەن پێییەوە. تیۆری وابەستەیی میدیا (MSD) پێی وایە کە لەگەڵ ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگە، تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر وابەستەی پەیوەندییە جەماوەرییەکان (mass communication) دەبن و کەمتر پشت بە تۆڕە کەسییەکان دەبەستن بۆ زانیاری. لە پەیوەندی گشتیدا بینەر پەیوەندییەکی وابەستەیی لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتی و میدیاییەکان هەیەو ئەم پەیوەندییە بەپێی سەقامگیری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەندی زانیاری میدیا دەگۆڕێت. پەیوەندی وابەستەیی بۆ تاکەکانیش لێکەوتەی هەیە. بەپێی تیۆری وابەستەیی میدیا، تا وابەستەیی میدیایی زیاتر بێت سەبارەت بە پەیامێکی دیاریکراو، ئەگەری گۆڕینی مەعریفەو هەست و ڕەفتاری تاکەکان زیاترە.

ئەم تیۆرییە کار لەسەر پەیوەندی نێوان وەرگر، کۆمەڵگە و میدیا دەکات. بە ئاماژەدان بە پێداویستییەکانی وەرگر وەک زانینی زانیاری دەربارەی ڕووداوەکانی دەوروبەر لەلایەکەوە، زانین و دورکەوتنەوە لە دەوروبەر (واقیع) لەلایەکی دیکەوە بە بنەمای سەرەکی وابەستەبوونی وەرگر دادەنێت بە میدیاوە. ساندرا بال ڕۆکێچ (Sandra Ball-Rokeach) و مێلڤین دیفلور (Melvin DeFleur) لەساڵی ١٩٧٢ دەربارەی ڕوونکردنەوەی ئەم تیۆرییە دەڵێن 'تیۆریای وابەستەبوون بە ناونیشانی تیۆرییەکی ژینگەناسی (Ecological) جەخت دەکاتەوە سەر پەیوەندی نێوان سیستەمە گەورەکان، ناوەندەکان، و سیستەمە بچوکەکان و بەشەکانی ئەو سیستەمانە. (تیۆرییەکی ژینگەناسی) کۆمەڵگە وەک یەک بنەمای ئۆرگانی دەبینێت، بەمەبەستی دەرککردن و تێگەیشتن لەپەیوەندی نێوان بەشە ووردو گەورەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانە، هەروەها لێکدانەوەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەریەک لە بەشەکان لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندیانە. سیستەمی میدیایش یەک بەشی گرنگە لە تاروپۆی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی مۆدێرن، خاوەنی پەیوەندییە لەگەڵ تاکەکان، گروپ، و ڕێکخراو و دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی'( Ball-Rokeach, DeFleur, 1976). ئەم تیۆرییە ئاماژە بەوە دەکات کە تاک وابەستەیی جیاوازی بە میدیاوە هەیەو ئەم وابەستەییانەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە، و لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی دیکە جیاوازەو دەگۆڕێت. هەروەها بال ڕێکچ و دیفویل دەڵێن 'چەندین لایەنی پەیوەندییەکانی (وەرگر، میدیا، کۆمەڵگە) هەن کە دەتوانرێت باسیان لێ بکرێت، ئەو لایەنەی کە ئێمە یەکەمجار سەرنجی لەسەر دەدەین، (ئاستی زۆری وابەستەیی وەرگرە) (high level of dependence of audiences) بە سەرچاوەی زانیاری میدیای

گشتی لە کۆمەڵگە شاری-پیشەسازییەکاندا. هۆکاری سەرەکی ئەم جەختکردنەوەیە ئەوەیە کە پلەی پشتبەستنی وەرگر بە زانیاری میدیا گۆڕاوێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لەوەی کەی و بۆچی پەیامەکانی میدیا بیروباوەڕ، هەست یان ڕەفتاری بینەر دەگۆڕن'( Ball-Rokeach, DeFleur, 1976). لەبارەی پێناسەی وابەستەیی و وابەستەیی میدیایەوە دەڵێن 'وابەستەیی پەیوەندییەکە کە تێرکردنی پێداویستییەکان یان گەیشتن بە ئامانجەکان لەلایەن لایەنێکەوە پەیوەستە بە سەرچاوەکانی لایەنی بەرامبەرەوە. بۆیە وابەستەیی بە سەرچاوەی زانیاری میدیایی بارودۆخێکی بەربڵاوە لە کۆمەڵگەی مۆدێرنەدا. مرۆڤ ئەم دۆخە لە زۆر شوێندا دەبینێتەوە، لە پێویستی دۆزینەوەی باشترین شتوومەک لە مارکێتەوە تا پێداویستییە گشتیەکان یان زیاترلەوەش وەک بەدەستهێنانی ئەو جۆرە زانیاریانەی کە یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی هەستی پەیوەندی و ئاشنابوون بە جیهانی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی خۆیدا' (Lowrey, 2009).

مک وایل و سون ویندال گرنگترین و سەرەکیترین ئایدیاکانی تیۆری وابەستەیی وەرگران وا ڕوندەکەونەوە کە بریتییە لە وابەستەبوونی وەرگران بە سەرچاوەی زانیاری میدیا جەمارەرییەکانەوە بۆ دەستخستنی زانیار و لایەنگیری دەربارەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەر.

لەهەریەکە لە (کۆمەڵگە، میدیا، و وەرگر) سێ هۆکاری سەرەکی هەیە کاریگەری دەبێت لەسەر زیادکردن یان کەمکردنەوەی ڕادەی وابەستەیی وەرگر بە میدیاوە، ئەوانیش بریتین لە (مهدی زادە، ۱۳۹۱):

1. هەرکات کۆمەڵگە ڕادەی گۆڕانکاری، بێ سیستەمی و دژیەکی زیاد بکات، خەڵکی بۆ لابردنی گومان و ناڕوونییەکان و دەستخستنی دڵنیایی، وابەستەییەکی زیاتر بە زانیارییەکانی میدیاوە پەیدا دەکەن. هەروەکچۆن لەکاتی ڕوودانی جەنگ، شۆڕش، و سەرهەڵدانی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان پێویستبوونی خەڵکی بە (هەواڵ و زانیاری) زیاتر دەبێت، بۆیە وابەستەبوونیان بە میدیاوە زیاتر دەبێت.
2. هەرچەند ژمارە و ناوەندی ئەرکەکانی زانیاری میدیا زیاتربێت ڕادەی وابەستەبوونی وەرگران بە میدیاوە زیاتر دەبێت. بۆنمونە میدیا لە کۆمەڵگەی نوێدا چەندین ئەرکیان هەیە، وەک ئامادەکردنی زانیاری دەربارەی دەوڵەت و سیاسەت بەشێوەیەک توانای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراتی فەراهەم بکرێت، کارکردن وەک چاودێر یان ئەوەی پێیدەگوترێت دەسەڵاتی چوارەم، ڕاگەیاندنی هۆشیاری گشتی و بەرفراوان لەکاتی ڕووداوە لەناکاوەکاندا، ئامادەکردنی زانیاری پێویست بۆ بەردەوامی بەخشین بە سوڕی ئابووری، ئامادەکردنی بەرنامەگەلی کاتبەسەربردن بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی و پڕکردنەوەی کاتە پشووەکانی خەڵکی. بەو ئەندازەیەی میدیا لە هەرکۆمەڵگەیەکدا زیاتر هەڵسێت بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی وابەستەیی خەڵکی بە میدیاوە زیاتر دەبێت.
3. هەرچەند پێداویستی وەرگران بە مەوداو ڕادەی زانیارییەکانی میدیاوە زیاتر بێت، بەو ئەندازەیە ڕادەی وابەستەییان بە میدیاوە زیاتر دەبێت. وەک دەبینین چالاکەوانانی بواری ئابووری و سیاسی، هەوادارانی بواری وەرزشی بە بەراورد بەو کەسانەی کە هیچ خولیایەکیان نییە بۆ بابەتە گشتییەکان زۆرتر وابەستەن بە میدیاوە و زانیاری و هەواڵەکان لە میدیاکانەوە وەردەگرن.

لە دیاگای بال ڕوکیچ و دی فگور دوو مەرجی کاریگەری کۆمەڵناسییانە هەیە بۆ ڕادەی وابەستەیی وەرگر بە میدیاوە هەیە، ئەوانیش بریتین لە(Ball-Rokeach and Defleur, 1976):

**یەکەم**: لەکاتی ڕوودانی بارودۆخە نائاسایی و ئالۆزەکان لە کۆمەڵگەدا میدیا مەیلێکی زیاتری هەیە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرک و ڕۆڵگەلێکی تایبەت و جیاواز.

**دووەم:** ئاستی بەرزبوونەوەی گۆڕانکاری و دژیەکەکان لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەری دادەنێت لەسەر ئاستی وابەستەیی وەرگران بە میدیاوە.

بە دەربڕینێکی دیکە؛ لەحاڵەتی گۆڕانکاری و دژیەکی کۆمەڵایەتیدا، وابەستەی خەڵکی بە سەرچاوەکانی زانیاری میدیا زیاتر دەبێت، ئەم وابەستەییەش لە دەرئەنجامی لاوازبوونی ئەو سیستەمی کۆمەڵایەتییە کە ئێستا هەیەو کەمبوونەوەی توانای میدیا بۆ بەدەستخستنی زانیاری و گواستنەوەی زانیارییەکانە.

بەکورتی دەتوانین کاریگەرییەکانی میدیا لە دیدگای تیۆری وابەستەیی میدیاوە بکەین بە چەند بەشێکەوە:

**یەکەم: کاریگەرییە مەعریفیەکان (Cognitive effects):**

کاریگەرییە مەعریفییەکانی میدیا بریتین لە(Ball-Rokeach, DeFleur, 1976): دروستکردن و لەناوبردنی ناڕوونی: بەپێیی تیۆری (وابەستەی وەرگر بە میدیاوە) گۆڕانکاری لە مەعریفەی وەرگردا دروست دەبێت ئەویش لەڕێگەی پەیامی ناڕوون یان ڕوونکردنەوەی پەیاوەمەوە. واتە کاتێک ئەو زانیارییە سەرەتاییانەی لەلایەن میدیاکانەوە کۆدەکرێنەوەو پێشکەش دەکرێن ئەگەر ناتەواو بن، هەستکردن بە ناڕوونی سەرهەڵدەدات کە بینەر دەزانێت ڕووداوێک ڕوویداوە، بەڵام نازانێت مانای چییە و چۆن لێکیبداتەوە، بۆیە بەدوای زانیاری نوێدا دەگەڕێت وەک هەوڵێکدانێك بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکەو دەستکەوتنی زانیاری زۆرترو دروستتر. هەروەها شێوەو چوارچێوە بەخشین بەهەڵوێستەکان یان (پێکهێنانی هەڵوێست) یەکێکی دیکەیە لە کاریگەرییەکان، کە ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی بۆچوون و تێڕوانینی خەڵکی لەسەر بابەتگەلی جۆراوجۆر. میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەم پرۆسەیەدا، چونکە بەردەوام هاوڵاتیان (وەرگران) دەخاتە بەردەم زانیاری نوێ سەبارەت بە ڕووداوەکان (Events) کەسەکان (Figures)، و شتەکان (Objects). کاریگەری دیکە ئەجێنداسازیە. بەپێی تیۆری وابەستەیی وەرگر میدیا و خاوەن میدیا لەڕێگەی پەیامەکانی میدیاوە ئەجێنداسازی دەکەن و ئەو پەیام و بابەتانەی مەبەستیان بێت بڵاوی دەکەنەوە و لەم ڕێگەیەشەوە کاریگەی لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتارو بڕیارەکانی تاک دادەنێن.

**دووەم: کاریگەری سۆزداری (Affective effects):**

لە ڕاستیدا دەتوانرێت توێژینەوە لە هەموو کاریگەرییەکانی میدیا بکرێت لە ڕووی ڕەهەندی (سۆزداری)یەوە. واتە بۆئەوەی کاریگەری مەعریفی دروست ببێت کە خۆی لە دروستکردنی هەڵوێستدا دەبینێتەوە بەبێ دروست بوونی کاریگەرییە سۆزدارییەکان کاریگەری مەعریفی دروست نابێت، کە دەکاتە (دروستبوونی هەڵوێست)، لەڕێگەی میدیاوە کاردەکرێت بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەدیاردەو ڕووداوەکان.

**سێیەم: کاریگەرییە ڕەفتارییەکانی (Behavioural effects)**

زەمینەسازی بۆئەوەی کاری چاکەو خۆبەخشانە ئەنجام بدرێت وەک هاندان بۆ بەشداریکردنی لە پرۆژە خەیرییەکاندا یان هاندان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە خۆبەخشەکاند لەکاتی ڕوودانی قەیرانە سروشتی و مرۆییەکاندا وەک زەمین لەرزەو لافاو و ئاگرکەوتنەوە.

لێرەوە بەو ڕاستییە دەگەین کە میدیاکان کاریگەری قووڵیان هەیە لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگەوە. لە ڕێگەی ئەو ئەرکانەی هەیانە دەتوانن بەشداربن لەپتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، هەروەها لە ڕێگەی ئەو زانیاریانە بڵاوی دەکەوەنەوە کارێک دەکەن هاوڵاتیان زیاتر وابەستە بین بە میدیاکانەوە، لەم کاتەدا کە خەڵکی بۆ وەرگرتنی زانیاری دەگەڕێنەوە بۆ میدیاکان، پەیامە میدیاییەکان دەتوانن گۆڕانکاری لە هەڵوێست

و هەڵسوکەوتوو تێگەیشتنی تاکەکاندا دروسر بکەن، ئەگەر ئەم گۆڕانکارییانە ئامانجداربن وەک لە باسەکانی دواتردا ئاماژەیان بۆدەکەین، ئەوکات میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت لەکاتی قەیرانەکاندا.

**٤. قەیران و میدیا**

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر چەمکی قەیران و جۆرەکانی قەیران، پاشان باس لەو پەیوەندییە دەکەین کە لەنێوان دۆخێکی قەیراناوی و میدیادا هەیە. باس لە ڕۆڵی میدیا دەکەین لەکاتی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکاندا.

**٤. ١. ١. ڕیشەی چەمکی قەیران (Crisis).**

بنەمای وشەی قەیران لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی یۆنانی (Kisis)کە لەهەمانکاتدا هەردوو چەمکی(Crisis)و (Critique)لەخۆدەگرێت. دەربارەی سەرچاوەی ڕیشەی یۆنانی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Krincin) کە بەمانایی جیاکردنەوە، جیاوازیکردن، داوەریکردن، ژێراوژوورکردن دێت (ڕشیدی. ١٣٨٨. ٢٣). چەمکی (قەیران) بە واتای فشار، فەتارەت، بەڵا، توندوتیژی یان توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنریت. لە فەرهەنگی وێبستر (Webster)دا قەیران، بە واتای خاڵی باشتر بوون یان خراپتر بوون بەکارهێنراوە (ڕضایی، بختیار، ١٣٩٠: ٦٤). کەواتە دەتوانین ئەوە بڵێین چەمکی قەیران لە ڕووی بەکارهێنان و نیشانەناسی چەمکەکەوە لە سەرێکەوە هەڵگری (جیاوازی و دژیەکییە) و لە سەرێکی دیکەوە هەڵگری واتای پلاندانانە بە واتای گەشەکردن بەتایبەت ئەوکاتەی قەیرانەکان دەکرێن بە دەروازەیەک بۆ هەلی گەشەکردن.

**٤. ١. ٢. پێناسەی قەیران:**

وەک پێشتر وتما قەیران لەو چەمکانەیە کە سەرەتا لەبواری پزیشکی بەکارهێنراوە، بەڵام دواتر بە گۆڕانی واتاکەی دێتە ناو بوارەکانی سیاسەت و ئابووری، کۆمەڵایەتیەوە، لە ئێستادا کاتێک باس لە قەیران دەکرێت ئەوەندە بە مانا و تێگەیشتنە سیاسییەکەیەوە دەناسرێت ئەوەندە باس لە بوارەکانی دیکەی وەک پزیشکی ناکرێت. لە زانستی پزیشکیدا قەیران بریتییە لەو بارودۆخەی کە ئۆرگانیزمەکانی جەستە دوچاری **ناهاوسەنگی** دەبنەوە و سەلامەتی مرۆڤ دەکەوێتەوە مەترسییەوە. هەندێک بڕوایان وایە کە ئەم پێناسەیە لە بواری کۆمەڵایەتیشدا هەر ڕاستەو دەتوانرێت بەکارببرێت، کاتێک کۆمەڵگە لە بارودۆخی هاوسەنگی و ڕێخستنی ئاسایی خۆی لادەدات دوچاری ئاڵۆزی و شێواوی دەبێت و بارودۆخی قەیرانی باڵادەست دەبێت و جێگەی دەگرێتەوە. لەم ڕووە دەتوانین (قەیران) بە بارودۆخێکی نائاسایی بزانین کە تێیدا کێشەگەلی لەناکاو پێشبینی نەکراو سەرهەڵدەدەن. لەئاوا بارودۆخێکیشدا بنەماو پێوەرو یاساکان کارساز نین و دەبێت چارەسەری تایبەت و خێرا ئەنجام بدرێت (اکبر ڕضایی، بختیار، ١٣٩٠. ٢٦).

لەڕاستیدا پێناسەی قەیران پەیوەستە بە زنجیرەیەک لە بابەتی بەدوای یەکداهاتوو کە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی تیۆری بابەتەکە، سەرەتا دەبێت دیدگاکان ڕۆشن بکرێنەوە پاشان لە چوارچێوەی هەر دیدگایەکدا دەستبکرێت بە پێناسەکردنی قەیران (بیرودیان. ١٣٨٥. ١٨).

لە دیدگای ئابوورییەوە، بارودۆخی کاری دەوڵەت، پلانانی نابەجێ و نادروست و هەڵنەسەنگێنراو بە تایبەت لە سیستەمی ئابووریدا دەبێتە هۆی قەیرانی ئابووری و ماڵی، وەک هەڵئاوسان، بێ کاری، کەم و کورتی لە بوجەدا... تێروانینی سیاسی کۆمەڵایەتی هۆکاری قەیران دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵوەشانەوە و تێکچوونی کۆمەڵایەتی، کە دەرئەنجامەکەشی لەناوچوونی

ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی، بەها و باوەڕە گشتییەکانە، ئەمیش بەهۆی زیادبوونی تاکگەراییە لە جێگەی کۆمەڵایەتی بوونەکە. هەروەها لە دیدگای زانستی سیاسیشەوە دیاردەکانی وەک سەرکردە سیاسییەکا لە کۆمەڵگەدا، نەبوونی سیستەمی سیاسی دادپەروەرانە و لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیران باسدەکرێن (اکبر رضایی. ١٣٩٢. ٦١-٦٢) لە بیرکردنەوەی سیستەمیدا، قەیران بریتییەلە بارودۆخێک کە ڕێکی سیستەم یا بەشێک لەو ڕێکییە کە بە (ژێر سیستەم) ناودەبرێت تێکدەدات و ڕاوەستاوی و پایەداری لەناوبەرێت. یان قەیران بارودۆخێکە کە گۆڕانکاری نائاگایانە لە بەشێک یان چەند بەشێکی گۆڕاوی سیستەمەکدا دروستدەکات.

لە زەمینەی کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسی سیاسیدا (تالکوت پارسونز) پێی وایە تێکچوون و شێواوی لە هەریەک لە چوار کارەکەی کۆمەڵگەدا، جۆرێکی تایبەت لە قەیران سەرهەڵدەدات، ئەو کارانەش بریتین لە: تەتبیقی بارودۆخی نوێ، چارەسەری کێشەو ئالۆزییە دەروونی و ڕۆحییەکانی کۆمەڵگە، پاراستنی هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی، و گەیشتن بە ئامانج (خانیکی: ١٣٨٥). لە تیۆریای کۆمەڵایەتی مۆدێرندا، چەمکی قەیران، شێواوی و تێکچوون لە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی سیستم لەخۆدەگرێت: تەنها کاتێک دەتوانین لەبارەی قەیرانەوە قسە بکەین، کە ئەندامانی کۆمەڵگە گۆڕانکارییە بونیادییەکان بە مەترسییەک بزانن بۆ سەر بوونی خۆیان و هەست بکەن شوناسی کۆمەڵایەتیان لە مەترسیدایە (ویت، ١٣٨٦، ٩٧).

هەروەها (میلەر و ایکسو) قەیران بە ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو ئانی لە کاتێکی نادیاردا پێناسە دەکەن. کەواتە قەیران، ڕوداوێکە کە بەشێوەیەکی توندو بەهێز دەتوانێت تەواوی دامەزراوەیەک بخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە. قەیران بارودۆخێکی بزێو و ناجێگیرە کاتێک ڕوودەدات شێواوییەکی زۆر لە هاوسەنگیدا دروست دەبێت و خێراییەکی ترسناک لە پرۆسەی مێژوودا ڕودەدات و لەناو بنەماکانی کۆمەڵگەدا هەماهەنگی نامێنێت (نصراللهی، ١٣٨٩، ٣٤).

لەگەڵ جیاوازی بوارەکانی پێناسەکردنی قەیران و نەبوونی ڕێکەوتن لەنێوان توێژەرانی ئەم بوارەدا، بەڵام هەمووبەجۆرێک لە جۆرەکان قەیران بە هاوواتایی: ڕوداوی چاوەڕوان نەکراو، گۆڕانی لەناکاو، بارودۆخی دشوار، بارودۆخی نائاسایی، خاڵی وەرچەرخان، بەرپەرچدانەوەی هاوسەنگی و سوود، کەمبوونەوەی کۆنترۆل و گۆڕانی پەیوەندی ئاسایی، دەزانن (نصراللهی، ١٣٨٩، ٣٧).

کەواتە لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین قەیران، بریتییە لە نەبوونی ڕێکی و هاوسەنگی لە نێوان (پێویستی) و(سەرچاوەکان)دا، بە واتایی ئەوەی، کە ئەو هاوسەنگییەی لە بارودۆخێکی ئاساییدا لە نێوان پێویستیەکان (نیازەکان)ی کۆمەڵگە لەلایەک و توانای و سەرچاوەکان لە لایەکی دیکەوە هەیە بە دەرکەوتنی بارودۆخی قەیراناوی کە لەوانەیە لەئەنجامی هەر ڕووداوێکی نائاسایی و پێشبینی نەکراوی سروشتی یان ناسروشتی پێشبێت، ئەو هاوسەنگییە لەناوبەرێت.

**٢.٤. دابەشکاری تایبەتمەندییەکانی قەیران:**

بۆئەوەی زیاتر چەمکەک ڕوون بێتەوە خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی قەیران و دۆخێکی قەیراناوی زۆر پێویستە (نصراللهی، ١٣٨٩، ١٩).

١. لە بارودۆخی قەیراناویدا، ڕێکخستن، پێوەرەکان، یاساکان کە بۆ بارودۆخی نائاسایی ئامادە نەکراون، کارایی خۆیان لەدەست دەدەن.

٢. قەیران کاریگەری کوشندەی هەیە لەسەر کۆمەڵگە، واتە ڕێکخەری سیستەمی کۆمەڵگە تووشی ترازان و ناسازگاری دەبێت.

٣. قەیران، بارودۆخێکە کە زۆر پێویستی بە پلاندانان و کارکردن هەیە لەکات و ساتی خۆیدا.

٤. قۆناغێکی (کاتییە)، کە تێیدا دڵنیایی نەبوون لە ڕێوشوێنەکانی جڵەوگیریکردن زیاتردەبێت.

٥. قەیران، قۆناغێکی (کاتییە)، یان بارودۆخێکە کە تێیدا کۆنترۆڵکردنی ڕووداوەکان و کاریگەریان کەمدەبێتەوە.

٦. قەیران بارودۆخێکی لەناکاو دروست دەکات، کە تێیدا تەشویش و نیگەرانییەکانی (هۆکارەکانی پلاندانەر) زیاد دەبێت.

٧. لە بارودۆخی قەیراناویدا بەگشتی ئاگایی و زانیارییە پێویستییەکانی پلاندانەر کەموکوڕو ناتەواوە.

٨. قەیران دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا کە زیاتر کاریگەری (پاتولوژی) وەک: نائومێدی، ڕاڕایی، خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، بیانو هێنانەوە.

٩. قەیران، ئیشوکاری جەستە تێکدەدات و دەبێتە هۆی ماندوبوون و تەشویش، ناهاوسەنگی دەروونی.

١٠ لە بارودۆخی قەیراناویدا دەبێت پلاندانان بەوردی جێ بەجێ بکرێت.

١١. لە بارودۆخی قەیراناویدا بەهۆی پشێوییەوە بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بەباشی کارناکەن، لەم ڕووەشەوە ئەگەری هەڵەکردن زیاترە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی نادروست کە قەیرانەکە بەهێزتر دەکەن.

١٢. لە قەیراندا هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی گونجاو کارێکی ئاسان نییە، بۆیە تاک و گروپەکان بابەتەکان وەک یەک هەڵناسەنگێنن لەبەرئەمە هاوڕابوون کەم دەبێتەوە، بەمەش دەربارەی کۆسپەکانی قەیران بۆچوونی جیاواز زیادەبێت، بەبڵاوبوونەوەی قەیرانەکە جیاوازی بۆچوون و ڕووبەڕووبوونەوەی گروپەکان زیاد دەبێت، پلاندانانی دروستیش دەبێتە کێشە و کارێکی ئاسان نابێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە لە خستنەڕووی قەیران بریتییە لە جۆرەکانی قەیران، بەکورتی دەتوانین قەیران دابەش بکەین بۆ دوو جۆری سەرەکی، قەیرانە سروشتییەکان، کە مرۆڤ دەستی نییە لەڕوودانیاندا وەک (زەمین لەرزە، بورکان، لافاو زریانەکان، پەتا و نەخۆشییە گشتگیرەکان). هەرچی قەیرانە ناسروشتییەکانە وەک (قەیرانە ئابورییەکان، قەیرانە سیاسییەکان، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان).

**١.٥. ئەرکەکانی میدیا لەسەردەمی قەیراندا:**

لەبارەی پەیوەندی میدیاو دۆخە قەیراناوییەکانەوە، (پیتەر بەراک) باوەری وایە قەیرانەکان تەنها بوونێکی ماناداریان هەیە، لەڕاستیدا ئەوەی دەبێتە هۆی ڕوودانی قەیرانەکان لە دونیای واقعیدا بریتین لە میدیاکان، بە دەربرینێکی دیکە قەیرانەکان بەرهەمی میدیاکانن (صراللهی، (1389)، لەدونیای حەقیقیدا قەیران بوونی نییە و تەنها یەک چەمکە، میدیاکان بەشێوەیەکی سرنجراکێشانە بڵاوی دەکەنەوە! شارەزایانی ئەم بوارە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئەمەش لەبەرئەو کاریگەرییەی میدیا دەتوانێت هەیبێت لە کاتی قەیرانەکاندا. بەهەرحاڵ، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان میدیا و قەیران بۆ سێ جۆر پەیوەندی دابەشدەکرێت (نصراللهی، ١٣٨٩): یەکەم: قەیران لە ناوەوەی دامەزراوەیەکی میدیایدا؛ کە مەبەست بارودۆخێکە کە لەناوەوەی دەزگاکەدا رووبدات و ببێتەی هۆی ناهاوسەنگی و ناجێگیرکردنی دامەزراوەکە، بۆنمونە دەزگایەکی میدیای دوچاری قەیرانی دارای ببێتەوە چۆن دەتوانێت بەردەوامی بەخۆی بدات. دووەم: قەیران لە دەرەوەی دەمەزراوەیەکی میدیای: بۆنموونە کۆمپانیایەک تووشی مانگرتنی فەرمانبەرەکانی دەبێتەوە، لەم بتوانرێت لەڕێگەی میدیاوە کاربکرێت بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی قیرانەکە، ئەویش بە پێدانی زانیای بە میدیاکان. سێیەم: بەڕێوەبردنی قەیران لە ڕێگەی میدیاوە: ئەم جۆرەیان پەیوەنیدی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە، چونکە لێرەدا میدیا بە پشتبەستن بەو ئەرکەی لەسەرشانییەتی و کاریگەری قەیرانەکە لەسەر کۆمەڵگە دێت بەوجۆرەو خۆی مەبەستییەتی ڕووداوەکان ڕوماڵ دەکات و زانیارییەکان بڵاو

دەکاتەوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژ بەگرنگترین ئەرکەکانی میدیا بکەین لەکاتی ڕوودانی قەیرانەکاندا، لەڕاستیدا میدیا لەکاتی قەیراندا لە سێ ئاستی جیاوازدا ڕۆڵ دەبینێت و ئەرکی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردن، بەڕێوەبردن، و کامکردنەوەی زیانەکانی قەیران؛ ئەرک و ڕۆڵی میدیا لە قۆناغی پێشبینیدا. لە قۆناغی قەیراندا، و لە قۆناغی دوای قەیراندا (ڕشیدی، ١٣٨٨، ص١١٥-١١٦).

1. **میدیا لە قۆناغی پێشبینیدا:** جگەلە لە قەیرانە سروشتییەکانی وەک زەمین لەرزە زۆربەی قەیرانەکانی دیکە بەجۆرێک لە جۆرەکان قابیلی پێشبینیکردن، بۆیە ئەرک و کاری میدیاکان هەمیشە لەپێش دەزگاکانی دیکەی کۆنترۆڵکردنی قەیرانەوە دەست پێدەکات. زۆرجار قەیرانەکان لەم قۆناغەدا کەم کەم خۆیان دەردەخەن و نیشانەکانی دەکەونە دەرەوە، ئەکی میدیا ئەوەیە لەڕێگەی ناوەڕۆکی هەواڵەکان، شیکاری و ڕوونکردنەوە، خستنەڕوو، ئاگادارییەکان، چاوپێکەوتن و ڕیپۆرتە میدیاییەکانەوە باس لە قەیرانەکان دەکەن، هەروەها شارەزایان لەڕێگەی لێکدانەوەو شیکاریەکانیانەوە کۆمەڵگەو وەرگرانە لە دەرکەوتن و توندبوونەوەی قەیرانەکان قسەدەکەن. میدیاکان لە ڕێگەی بەرنامە و پلانی وردەوە ڕای گشتی و دەروونی کۆمەڵگە ئامادە دەکەن بۆ قۆناغەکەو ئەو بارودۆخە قەیراناوییەی دەکرێت ڕووبدات.
2. **میدیا لە قۆناغی قەیراندا:** لەم قۆناغەدا ئەرک و ڕۆڵی میدیا زیاترو زۆرتر دەردەکەوێت. بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی هەیانە لە گەیاندنی زانیارییەکانداو ئەو سیاسەتە تایبەتەی پەیرەوی دەکەن، دەتوانن قەیرانەکان کەم بکەنەوە یان زیادی بکەن، یان ڕۆڵی ناوەندگیری لەنێوان هۆکارەکانی قەیران و کەس و گروپە سودمەندەکاندا بگێرن، یان دەتوانن وەک لایەنێکی ناکۆکی قەیرانەکە بێنە نێو بابەتەکەوە. ڕۆبێرت ر. ئولمێر و هاوڕێکانی لەبارەی ئەم پەیوەندییەوە باوەڕیان وایە 'بۆ دامەزراوەکانی وەک وەزارەتی تەندروستی هاوبەشپێکردن واتە؛ کاتێک خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانێکی تەندروستی ئامادەدەکەن دەبێت گرنگییەکی تایبەت بدەن بە بەشداریکردنی میدیا ناوچەییەکان. وەزارەتی تەندروستی ئەرکی گەیاندنی زانیاری دروستە بە تەواوی خەڵکی لەڕێگەی میدیاوە' (اولمر، سگون، سیگر، ١٣٩١). شارەزایانی بواری قەیران لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت لایەنی پەیوەندیدار بە قەیرانەکانەوە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی بریتییە لە گەیاندنی زانیاری دەربارەی قیرانەکە بە هاوڵاتیان و ئەو لایەنانەی پەیوەستن بە بارودۆخەکەوە، چونکە هاوڵاتیان مافی خۆیانە لە دۆخە قەیراناوییەکە ئاگاداربن، ئەم زانیاریانە هاوکار دەبێت بۆئەوەی هاوڵاتیان هاوکاری بکەن لە زوو تێپەڕاندنی دۆخە قەیراناوییەکە، چونکە بە ئەندازەی زانیارییەکان ئەوانیش ئاگادار دەبن لەئاستی مەترسییەکان و کاردەکەن بۆ خۆپاراستن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ تیمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران. بۆنموونە کاتێک هاوڵاتیان زانیاریان هەبوو لەسەر ئەو ناوچەیەی ئاگری لێکەوتۆتەوە یان ڕادەی مەترسی ئەو ڤایرۆسەی بڵاوبۆتەوەو ناوچەی ماترسیدار دیاریکرا بۆیان، ئەوکات هاوڵاتیان لەلایەکەوە خۆیان دەپارێزن و لەیایەکی دیکەوە وەڵام دانەوەیەکی ئەرێنییان دەبێت بۆ زانیارییەکانی میدیا و تیمەکان. دەتوانین گرنگترین ئەرکەکانی ئەم قۆناغە بەمشێوەیە دیاری بکەین (ڕشیدی، ١٣٨٨، ص١١٧-١١٨)):

1 .بڵاوکردنەوەی زانیاری:

میدیا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ گەیاندنی زانیاری نوێ کاردەکات، یارمەتی ئاگادارکردنەوەی خەڵک دەدات دەربارەی مەودا، سروشت، و گەشەسەندنی قەیرانەکە (بۆ نموونە، کارەساتی سروشتی یان ململانێ سیاسییەکان). دڵنیایی

و ڕێنمایی دەدات خەڵک سەبارەت بە چۆنیەتی مانەوە لەدۆخی سەلامەتیدا، وەک ڕێگاکانی چۆڵکردن یان ڕێوشوێنی خۆپارێزی تەندروستی.

2 .هۆشیاری گشتی:

تیشک دەخاتە سەر توندی قەیرانەکە، سەرنجەکان لە ئاستی ناوخۆیی، نیشتمانی، یان جیهانی کۆدەکاتەوە. ئاستی هۆشیاری و زانیاری بەرز دەکاتەوە سەبارەت بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان، هاندانی پشتگیری یان بەخشین و بەدەمەچوون.

3 .لێپرسینەوە:

وەک چاودێرێک کاردەکات، ئەویش لەڕێگەی ڕاپۆرتکردن لەسەر هەوڵەکانی وەڵامدانەوەی حکومەت، ڕێکخراو، یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە. ئاستی شەفافیەت بەرەوپێش دەبات و دڵنیایی دەدات لەوەی کە لایەنە بەرپرسیارەکان ئەرکەکانیان بەباشی جێبەجێ دەکەن، لێرەشەوە متمانە لەنێوان هاوڵاتیان و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەقەیران بەهێزتر دەکات، چونکە متمانە لەکاتی قەیراندا لەگرنگترین خاڵەکانە بۆ زوتر کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکەو کەمکردنەوەی زیانەکانی. ئاستی باوەڕپێکردنی و متمانەپێکردنی (trust and credibility) نێرەر هۆکاری سەرەکییە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا پەیامەکان باوەڕیان پێدەکرێت و کاریان لەسەر دەکرێت یان نا. کارەساتی سروشتی، ڕووداوە پیشەسازییەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی گشتگیر نموونەی ئەو دۆخانەن کە پەیوەندییە قەیرانا وییەکان تێیدا ڕوودەدەن(Walaski, 2011 ).

4 .هەماهەنگی و بنیاتنانی کۆمەڵگە:

میدیا لەڕێگەی هاوبەشکردنی چیرۆکی هاودەنگی و خۆڕاگرییەوە کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئاسانکاری دەکات بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانەش وەڵامدەرەوەی فریاگوزاری، کەسانی زیانلێکەوتوو، تیمەکان پلان و سیاسەت داڕێژەران.

5 .پاڵپشتی دەروونی:

لەڕێگەی پەخشکردنی پەیامی هیوا، هەوڵەکانی چاکبوونەوە، یان چیرۆکی ڕزگاربووانەوە پشتگیری سۆزداری پێشکەشی وەرگرانی دەکات. هەروەها پلاتفۆرمەکان دەخاتە خزمەتی پسپۆڕانی تەندروستی دەروونییەوە بۆ پێشکەشکردنی ئامۆژگاری سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوە لەکاتی قەیرانەکاندا. میدیا ئوسترالیاکان لەکاتی پەتای کۆڤیدو کەرەنتینەی درێژخایەندا هێڵی گەرمی ٢٤ کاتژمێری و بەرنامەی ڕاستەخۆی تەندروستی و ڕێنمای دەرونییان خستبوویە خزمەتی هاوڵاتیانەوە، لەو ڕێگەیەوە پسپۆڕانی دەروونیان دەبەستەوە بە هاوڵاتیانەوەو ڕێنمایی دەروونیان پێشکەش دەکرد.

**قۆناغی دوای قەیران:** لەم قۆناغەدا زیاتر کار لەسەر دەرئەنجام و ئاستی زیانەکانی قیرانەکە دەکرێت و بەرنامەڕێژی دەکرێت بۆ چۆنییەتی ڕێگری کردن لەدووبارە دەرنەکەوتنەوەی ئەو جۆرە قیرانانە. هەروەها بەدەمەوەچونی زیان لێکەوتوان و هاوکاریکردنی تێپەڕاندنی ئەو دۆخە. وەک مەعسومە ڕەشیدی ئاماژەی بۆ دەکات (رشیدی، ١٣٨٨) ئەزمونەکان ئەوەیان دەرخستووە کە دۆخەقیرانا وییەکان لەدوای کۆتایهاتنیان بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر ئاسەوار بەجێدەهێڵن؛ یەکیان درێژماوەیە و بەئاسانی هەستی پێناکرێت، کە میدیاکان دەتوانن دەرکی بکەن و لەڕێگەی پەیام و

بەرنامەکانیانەوە بەرەو کۆنترڵی یەکجاری بەرن. هەروەها کاریگەری کورت ماوە؛ ئەویش خۆی لە گەڕاندنەوەی کۆمەڵگەیە بۆ ئەو دۆخی ئارامی و هاوسەنگی پێش لە قەیرانەکەن. زۆربەی قیرانەکان لەدوای خوایان کاریگەری دەروونی و جۆرێک لە سترێس و فۆبیا بەجێدەهێڵن، کە میدیاکان دەتوان لەرێگەی بەرنامەکانەوە دڵنیان بگەڕێننەوە بۆ هاوڵاتیانی ناوچەی قەیراناوی.

لێرەوە بۆمان دەرکەوت میدیا یەکێکە لەگرنگترین ناوەندەکان لەکاتی ڕوودانی قەیرانەکاندا، لەهەرسێ قۆناغی پێش قەیران، لەکاتی قایران، دوای قەیران لە هەرسێ لایەنی (ئەرێنی، نەرێنی، و بێ لایەن) ڕۆڵی گرنگ بگێرێت، بەگەیاندنی زانیار و هەواڵ بە وەرگرەکانی و دروستکردنی ڕایەڵەیەکی پەیوەندی لەنێوان تیمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و دەزگا حکومییەکان و هاوڵاتیان.

هەرلەبارەی ڕۆڵی میدیا لە بارودۆخێکی قەیراناویدا، دەشتوانین لەڕووی (بەرنامەڕێژی، بریاردان، کۆنترۆڵکردن، لاوازی لە تۆڕی میدیادا) بخەینە بەرباس. ئەو لایەنەی پەیوەندی بە ئەرکی (قەیران و بەرنامەڕێژی میدیاوە) هەیە دەتوانین ئەماژە بکەین بە (بەرنامەڕێژی هەواڵەکان لەکاتی قەیرانەکاندا)، چونکە هەواڵەکان دەبنە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگ بۆ وەرگرەکان جا چ هەواڵە گەرماوگەرمەکان یان هەواڵە تۆمارکراوەکانی کاتی قەیرانەکان. لێرەدا گرنگە هەر دەزگایەکی میدیایی لەکاتی دارشتنی هەواڵەکاندا چەند لایەنێکی گرنگ هەیە لەبەرچاوی بگرێت و بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات. چونکە توێژینەوەکان ئەوەیان پشتراست کردۆتەوە کە بەکارهێنانی هەواڵەکان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە زۆر زۆر زیادیکردووە 'بەکارهێنانی هەواڵ لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لە ئەمریکا، 92%ی گەورەساڵان زۆرجار بەدواداچوونیان بۆ هەواڵەکانی کۆڤید-19 کردووە، کە بە بەراورد بە ئاستی پێش پەتاکە لەسەدا 32 بەرزبووەتەوە. ئەو کەسانەی کە بەزۆری پەیوەندییان لەگەڵ هەواڵەکاندا پچرابوو- وەک گەنجانی پێگەیشتوو، کەسانی کەم خوێندەوارو بەکارهێنەرانی ناوبەناو- بەهۆی پەتاکەوە پەیوەندییان بە کاروباری گشتیەوە کردۆتەوە. سۆشیال میدیا گەورەترین گەشەی بەخۆیەوە بینی بە ڕێژەی (لەسەدا 49) زیادی کردووە لە بەکارهێنانی هەواڵەکاندا، هەرچەندە تەلەفزیۆن (تۆڕ و کەیبڵ) وەک زۆرترین سەرچاوەی بەکارهێنراوو متمانەپێکراو ماوەتەوە' (Casero-Ripollés, 2020, p4).

لەبەرچاوگرتنی ئامانج و ڕێنماییەکان، تایبەتمەندییەکانی قەیرانەکە، بۆنموونە ئەگەر قەیرانەکە تەندروستییە و گیانی خەڵکی لەمترسیدایە دەبێت ئاگاداری کاتی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و ئەو ژمارەو داتایانەبن کە بڵاوی دەکەنەوە. تایبەتمەندییەکانی وەرگران (نصراللهی، 1389، ص١٧٠) ، بۆ میدیا هەواڵییەکان زۆر گرنگە بزانن تایبەتمەندی وەرگرەکانیان چییە، کاتێک لە کۆمەڵگەدا ڕێژەیەک ئەندامی خاوەنپێداویستی تایبەت هەیە و لە ناویشیاندا نابیستەکان زۆر گرنگە میدیا و تیمی دەوڵەت گرنگی بدەن بە ئامادەکردنی وەرگێڕی زمانی ئاماژە بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بەو توێژەی کۆمەڵگە. لە کاتی قەیرانی پەتای گشتگیردا کە دەبێت هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە پێکەوە هاوکاری تیمەکانبن ڕووبەڕووی قەیرانەکە ببنەوە، زۆر گرنگە نابیستەکان لەو زانیاریانە ئاگاداربکرێنەوە و لەهەموو هەواڵ و ڕاپۆرتێکی تایبەت بەقەیرانەکەوە زانیاربیان پێبدرێت لەرێگەی وەرگێرە تایبەتەکانەوە. لە وڵاتێکی وەک ئوسترالیا لەکاتی قەیرانی کۆرۆنا ڤایرۆسدا میدیاکان و بەتایبەت میدیا دەوڵەتییەکان هەموو ئەو هەواڵ و ڕیپۆرتانەی تایبەت بوون بە بارووددۆخەکەوە لەرێگەی وەرگێری ڕاستەوخۆی تایبەت بە زمانی ئاماژەوە نابیستەکان ئاگادار دەکرانەوەو زانیاریان پێدەدرا، لە ڕێنماییەکان ئاگادار دەکرانەوە. لەم بارەیەوە کۆمەڵەی نابیستەکانی ئوسترالیا نامەیەکی پێزانینیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی ئوسترالیا کرد، نابیستانی ئوسترالیاو ئەندامانی کۆمەڵەی نابیستانی لە ئوسترالیا دەیانەوێت پێزانینی دڵسۆزانە دەرببڕن بۆ

حکومەتی ئوسترالیا (هەردوو ویلایەتی/ ناوچە و فیدراڵ) کە وەرگێری (Auslan) لە کاتی کۆنفرانس و ڕاگەیاندنەکانی کۆڤید-١٩دا دابین دەکات'(Deaf Australia, 2020). ( تریڤۆر تۆماس و هاوڕێکانی) لە لێکۆڵینەوەیەکەیاندا دەربارەی میدیای ئوسترالی لە سەردەمی قەیرانی کۆڤیدا بەو ئەنجامە گەشتوون کە ( Thomas, Wilson, Tonkin, Miller, & Ward, 2020): چوارچێوەی میدیای ئوسترالی لە سێ قۆناغدا پەرەی سەند. لە قۆناغی سەرەتاییدا، ڕاپۆرتکردن لەسەر پێناسەکردنی کێشەکە و کاریگەرییە ئابوورییەکانی و هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی سنووردارى ڕووداوەکان. لەقۆناغی دووەمدا، ڕاپۆرتەکان فراوانتر بوون، پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردنی پەتاکە، ڕەخنە گرتن لە شێوازەکانی پاکوخاوێنی، ڕەفتاری تاکەکەسیەکان لەخۆ دەگرن. لە قۆناغی سێیەمدا، ڕووماڵکردنی میدیاکان زیاتر ڕەخنەی سۆزداری و ئەخلاقی لەخۆدەگرن، جەختیان لەسەر وەڵامەکانی کۆمەڵگە و پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی تەندروستی گشتی کردۆتەوە. لەم ماوەیەدا زیاتر باس لە بەرپرسیارێتی تاک و کۆمەڵ کراوە بەرامبەر بە مەترسییەکان، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ خراپی پابەندبوونی تاکەکەسی و کەموکوڕییە سیستەمییەکان.

هەرچی لەبارەی کۆنترۆڵەوەیە، مەبەست ئەوەیە کە لەکاتی بارودۆخە قەیراناوییەکاندا بەتایبەت ئەو قەیرانەی سیستەمی ئاسایشی دەوڵەت دەخەنە مەترسییەوە جا چ ئاسایشی نەتەوەیی و سەربازی، یان ئاسایشی خۆراک و تەندروستی بێت، لەم کاتانەدا دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پەیوەست بەلایەنی ئاسایشەوە هەوڵدەدەن زۆرتر کۆنترۆڵی مامەڵە بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی سنورداركردنی ئازادی دەستگەیشتنی ڕۆژنامەنوسان بە زانیارییەکان، یان ئازادی ڕادەربڕین، بۆیە زۆر گرنگە لەم کاتەدا میدیاکان هەماهەنگیان هەبێت لەگەڵ لایەن و تیمەکانی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی قەیراندا، ئەم هاوکاری و هەماهەنگییە دەبێتە یەکێک لەئەرکەکانی میدیا لەکاتی قەیراندا. بۆنمونە پینتاگۆن لەکاتی جەنگی کەنداو هێرشی ٢٠٠٣ بۆ سەر عێراق تیمێکی تایبەتی لە ڕۆژنامەنووسان پێکهێنابوو کە زانیاری و وێنەو ڤیدیۆکانیشیان لەلایەن پنتاگۆنەوە چاودێری دەکران و سەیر دەکرانەوە (ضيايي پرور، ١٣٩٠). هەروەها لە گۆشەنیگانی لاوازی لە تۆڕی میدیایدا ئەوەیە کە تۆڕە میدیاییەکان لەکاتی قەیرانەکاندا لەهەوڵی ئەوەدان زۆرترین زانیاری بە خێراترین و گەرماوگەرمترین بگەیەنە وەرگرەکانیان، لەم کاتانەدا ئەگەر بەوریاییەوە مامەڵە نەکەن دەبنە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێک کێشەی نوێ کە هیچ کەمتر نابێت لە خودی قەیرانەکەو زۆرجاریش ئەو زانیاریانەی بڵاوی دەکەنەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی بۆ ئەو تیمەی قەیرانەکە بەڕێوە دەبەن و کۆنترۆڵی دەکەن. بۆنموونە لەکاتی هێرشە تیرۆرستییەکاندا میدیاکان دەبنە چاوگی زانیاری بۆ تیرۆرستان و گەورەترین مەترسی بۆ هێزە ئەمنییەکان! بۆیە زۆر گرنگە میدیاکان بەوردیەوە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا بکەن و سەرەتا لەگەڵ تیمی قەیرانەکەدا پشتڕاستی بکەنەوە ئەوکات بڵاویان بکەنەوە.

### ٢.٥. کۆرۆنا ڤایرۆس و قەیرانی جیهانی:

پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا ٢٠١٩ (کۆڤید-١٩) بە هۆی خێرایی لە بڵاو بوونەوەو بەهێزی لە کاریگەریدا، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وەک پەتایەکی سەرتاپا گیر و قەیرانێکی تەندروستی جیهانی خۆی ناساند، تەنانەت کاریگەری قوڵی لەسەر شێوازی تێگەیشتنمان لە جیهان و ژیانی ڕۆژانەمان هەبووە. نەک تەنها ڕێژەی بڵاوبوونەوەی تووشبوون و شێوازی گواستنەوە هەستی ئاسایشی ئێمەی خستە مەترسییەوە، بەڵکو ئەو ڕێوشوێنە سەلامەتیانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دانران، وەک دورکەتنەوە لەیەکترو ئەنجامنەدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی ڕووبەڕوو، هەروەها دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە لە بنەڕەتدا مرۆڤین و پێویستی بنەڕەتی و سەرەکین ژیانن (Bukhari, 2020).

لەم کاتە قەیراناویەدا کە هەڕەشەی جەستەیی و دەروونی و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی، ناتوانرێت ڕۆڵی کەناڵە جیاوازەکانی ماس میدیا لە ژیاندا لەسەر ئاستی تاک، کۆمەڵایەتی و جیهانیش بە کەم سەیر بکرێت.

سەرچاوەی کۆڤید-١٩ ڤایرۆسێک بوو بە ناوی (سارس-کۆڤ-٢) -SARS-CoV-2 - کە لەکۆتاییەکانی (٢٠١٩)دا یەکەمجار لە (شاری ووهانی) وڵاتی چین بڵاو بوویەوە. بە خێرایی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبووەوە و تا سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ بوو بە پەتایەکی سەرتاپاگیر. ملیۆیان کەس لەماوەی ئەم پەتایەدا ژیانیان خۆیانیان لەدەستدا. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣دا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ((WHO)) ژمارەکەی بە زیاتر لە(٧) ملیۆن کەس مەزندە کرد لە هەموو جیهاندا(WHO World Health Organization, 2023). کە ئەم ژمارەیە کاریگەریەکی زۆر خراپی هەبوو لەسەر پەیوەندەی خێزانەکان. ئەم پەتەیە کۆمەڵێک دەستوری نوێی بەسەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤایەتیدا سەپاند و بەجۆرێک لە جۆرەکان ناچاریکردن شێوازی ئاسایی ژیانیان بگۆڕن؛ مانەوە ماڵەکانیان و نەهاتنە دەرەوە کە زۆرجا بۆ زیاتر لە دوو هەفتەی دەخایاند، لەکاتی ئاسایدا هەموو کەسێک ناچار دەکرا بەوەی لە مەتر و نیوێک زیاتر نزیک نەبێتەوە لەکەسی بەرمبەر، دەمامک کرایە مەرج و ئاسایی بوویەوە، لەکاتی نەکردنیدا دوچاری پێبژاردن و دەستگیرکردن دەبوونەوە، خێندن لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کرایە ئۆنلاین و لە ولاتە دواکەوتووەکاندا بەتەواوی پەکی کەوت، مامەڵە بازرگانی و کۆمپانییەکان داخران، سیستەمی تەندروستی دوچاری فشارێکی زۆر بوویەوە بەجۆرێک لەهەندێک دەوڵەتدا توانایی دابینکردنی دەرمانی نەمابوو، کێشەیەکی زۆری دەروونی دەرکەوت، لەکۆتایدا ئابووری جیهان تووشی گرفت بوو.

وەک لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک (UNDNP)دا خرایە ڕوو ئەم پەتایە کاریگەریکی زۆری لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەبوو، بە جۆرێک لە ڕووی کەرتی تەندروستی و ئابوورییەوە جێکەوتەی خراپی بەجێهێشت. لە مانگی شوباتی ٢٠٢٠، عێراق یەکەم تووشبووی کۆڤید-١٩ی پشتڕاستکردەوە. تا ٢٥ی نیسان، ٤٦ هەزار و ١٣٥ پشکنین بۆ ئەنجامدراو و هەزار و ٧٦٣ حاڵەتی پۆزەتیڤ دەستنیشانکرا. سەرەڕای هەوڵە بەرچاوەکان، لەوانەش داخستنی تەواوەتی و هەڵمەتی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە مانگی حوزەیراندا ٢٠٢٠دا حاڵەتەکانی تووشبوون و مردن بە شێوەیەکی بەرچاو دەستیان بە بەرزبوونەوە کرد. بەپێی ڕاپۆرت و داتا تۆمارکروەکان تا ٢ی تەمموز، حاڵەتەکانی تووشبوون و مردنی لە عێراق گەیشتۆتە نزیکەی ٥٤ هەزار و ٢٠٠ حاڵەت ( Alsayed, 2020). بەپێی توێژینەوە زانستییەکان عێراق لە سەدەمی کۆرۆنادا بە بارودۆخێکی قورسی قەیراناویدا تێپەڕیوە بەجۆرێک کاریگەری لەسەر ژێرخانی تەندروستی هەبووە، ئەگەر ئەو هاوکارییانەی لەرێگەی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەڵەتییەکانەوە دەهات نەبووایە، دۆخەکە نەدەتوانرا لە دەوڵەتی عێراقەوە کۆنترۆڵی بکرێت. ' عێراق ڕووبەڕووی کورتهێنان بوویەوە لە سیستمی چاودێری تەندروستی و لۆجستیدا، ئەمەش وایکرد کە کۆنترۆڵکردنی پەتای کۆرۆنا بەبێ هاوکاری دەرەکی کارێکی قورس بێت. هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکە بریتی بوون لە هاوکاری نێودەوڵەتی، ڕێوشوێنی تەندروستی گشتی، سنووردارکردنی حکومەت، بەڵام دۆخەکە بە ناجێگیر مایەوە' (Alsayed, 2020). لەم ناوەندەشدا کوردستان بەهەمانشێوە دوچاری ئەو گرفتانە بوویەوە، هەروەها بۆ هاوکاری پەنای بۆ حوکمەتی ناوەندی بردووە.

بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، ڕێکارەکانی قەدەغەکردنی هاتوچۆ، سنووردارکردنی نزیک بوونەوە، بەکارهێنانی دەمامک جێبەجێکرا. هەروەها دەسەڵاتدارانی هەرێم هەماهەنگییان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا کرد بۆ بەڕێوەبردنی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و وەڵامدانەوەی تەندروستی گشتی. هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق، کوردستانیش ڕووبەڕووی کەمیی کەرەستەی پزیشکی و کەرەستەکانی پشکنین بوویەوە، ناوەندەکانی پشکنین و چاودێری

تەندروستی سنووردار بوون، ئەمەش لەبەرئەوەی پێویستی بە ژێرخانی تەندروستی باشترو سەرچاوەی هاوکاری زۆرتر هەبوو بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکە(Alsayed, et al. 2020).

کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانە تەندروستییە لەچەندین ڕووەوە هەرێمی کوردستانی خستۆتە بەردەم مەترسییەوە، بۆنموونە پەتای کۆڤید-١٩ خزمەتگوزارییە گرنگەکانی چاودێری تەندروستی بۆ نەخۆشانی (نەخۆشی گورچیلە) پەکخست، کە ئەگەری هەیە کاریگەری نەرێنی درێژخایەنی لێبکەوێتەوە (Hussein, et al. 2020). مەبەست ئەوەیە ئەو ڕێوشوێنانەی گیرابوونە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە کاریگەری هەبووە لەسەر بەدەمەوەچوونی نەخۆشەکان و هاوکاریکردنیان.

هەروەها توێژینەوەکان لە پارێزگای سلێمانی دەربارەی کاریگەری کۆڤید-١٩ لەسەر پرۆسەی نەرشتەرگەری گشتی لە نەخۆشخانەکانی ئەو پارێزگایە ئەوەیان خستەڕوو کە قەیرانەکە بۆتە هۆی پەکخستنی پرۆسەکە و دانانی کاریگەری نەرێنی لەسەر نەشتەرگەریکردن بۆ هاوڵاتیان و چارەسەرکردنیان (Hussein, et al. 2020).

ئەحمەد و هاوڕێکانی لە توێژینەوەیەکیاندا باس لە کاریگەری قەیرانی کۆڤید-١٩ دەکەن لەسەر بارودۆخی دەروونی کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی چاودێری COVID-19 لە (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، و گەرمیان). توێژینەوەکە کاری لەسەر نیشانەکانی (PTSD)، دڵەڕاوکێ، و خەمۆکی) کردووە لە نێوان کارمەندانی چاودێری تەندروستی. بە گوێرەی توێژینەوەکە (2021)، "لە ٥٣.٣% کارمەندانی چاودێری تەندروستی هەڵگری نیشانەکانی (PTSD) ، و لە (٢٩.١%) دوچاری دڵەڕاوکێ بوون، 39.0% بۆ خەمۆکیش (٣٩.٠%) تۆمارکردووە" (ل.٣٠٦). لە کۆتایدا توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەشتووە؛ قەیرانەکە کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر بارودۆخی دەروونی کارمەندانی چاودێری تەندروستی هەبووە، بۆیە توێژینەوەکە جەخت لەسەر پێویستی و بەپەلەکردن دەکاتەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی لە کوردستان.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت کە قەیرانی تەندروستی کۆڤید-١٩ لەماوەیەکی کاتیدا توانی کاریگەری نەرێنی لەسەر تەواوی جومگە و بوارەکانی دانیشتوان دابنێت و گۆڕانکاری بەرچاو لە کاروباری ژیانی ئاسایی هەموو کەسێکدا دروست بکات. جا نابیستان بەهۆی ئەو بارودۆخە تەندروستییە تایبەتەوەی هەیانە، وەک دەردەکەوێت بەهامان شێوەی ئەندامانی کۆمەڵگە کۆڤید-١٩ دوچاری گرفتی قوڵکردوونەتەوە.

**٦. نابیستەکان و سەرچاوەی زانیاری لەکاتی قەیراندا**

کەسانی نابیست کە کەمینەیەکی کولتووری و زمانەوانین لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، لە بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەیان، مافەکانیان و دیدگایان بۆ داهاتوو، بە دەگمەن ڕاوێژیان پێدەکرێت. ئەمەش لەبەرنەبوونی ئەو پێداویستیانەی کە هەرنابیستێک پێویستی پێیەتی لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا، کە وەرگێر لەسەرەکیترینیانە. لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا پێناسەیەکی تایبەت بۆ نابیستەکان نەکراوە، بەڵام وەک خاوەن پێداویستی تایبەت دێنە ئەژمارو وەک هەر خاوەن پێداویستییەکی تایبەت دەکەونە ژێر هەمان یاسا و پێناسەی یاساییەوە.

لە هەرێمی کوردستان و عێراق سەرژمێرییەکی تایبەتمان نییە بە ژمارەی نابیستەکان، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت بەپێی پێویست هاوکاری بکرێن. لەگەڵ ئەوەی یاسای باش و بەسود هەیە بۆ کەمئەندامان وەک یاسای ژمارە ٣٨ی حوکمەتی عێراقی فیدراڵ لە (٥%)ی دامەزراندن لەناو سێکتەرە گشتییەکندا و (٣%)ی ناو سێکتەرە تایبەتەکان پەیوەست دەکات بە کەم ئەندامانەوە بەڵام تاوەکو ئێستا وەکخۆی کار بەم یاساییە نەکراوە. بەپێی بەپێی مادەی 20ی یاسای ژمارە 38 لە کەرتی تایبەتدا، ئەو خاوەنکارانەی پابەند نەبن بە ڕێژەی 3%ی دامەزراندن، بە بڕی 500 هەزار دیناری عێراقی

(نزیکەی 382 دۆلاری ئەمریکی) غەرامە دەکرێن، بەڵام تا ئێستا هیچ غەرامەیەک دەرنەچووە( Human Rights Watch. (2024, June 4). کەواتە یاساکانی تایبەت بە کەمئەندامان تاوەکو ئێستا نەچونەتە بواری جێ بەجێکردنەوە. بەپێی راپۆرتی ساڵی ٢٠٢٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق (IOM) کە تایبەتە بە نابیستەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەوەی خستۆتەڕوو کە ' زۆربەی کات کەسانی نابیست لە عێراق مافی پەیوەندی و گفتوگۆکردنیان ڕەت دەکرێتەوە. زۆربەی کەسانی نابیست کە چوونەتە ناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن وەک قوتابی لە پەیمانگای نابیستان فێری زمانی ئاماژەی عێراقی یان کوردی دەبن. زۆربەی نابیستان دەرفەتیان نەبووە بۆ فێربوونی زمانی ئاماژە. زۆربەی نابیستان تەنیا جۆرێکی سنوورداری پەیوەندیان لەگەڵ خێزانەکانیان هەیە'( International Organization for Migration. 2022). ئەم سنورداری پەیوەندیکردنە بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانن مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن لەکاتی قەیرانەکاندا دەستیان بە زانیارییەکان بگات. لەهەمان ڕاپۆرتی (IOM) هاتووە کە نابیستەکان لەکاتی قەیرانی کۆڤید-١٩ دووچاری کێشە و کەمی زانیاری بوونەتەوە: لە ئاستی نیشتمانی کەموکورتی هەیە لە وەرگێڕەکانی زمانی ئاماژە. نەبوونی کۆرسی ڕاهێنانی وەرگێری زمانی ئاماژە یان هەڵسوکەوتی پیشەیی نابیستان دەخاتە مەترسی و زیانیان پێدەگەیێنێت. کەسە نابیستەکان ڕووبەڕووی کۆسپی گەورە دەبنەوە لە گەیشتن بە زانیاری لەسەر ڤایرۆسی کۆڤید-19.

### ٧. دۆزینەوەکان

بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی ئێمە ئەنجامانداوە لەگەڵ ژمارەیەک لە نابیستان لەڕێگەی چاوپێکەوتنی قوڵەوە بەم ئەنجامانە گەیشتووین: لەگەڵ ئەوەی تەواوی ئەندامانی نابیستی ناو گروپەکەمان کۆک بوون لەسەرئەوەی میدیا زۆر گرنگە بۆیان بەتایبەت لەکاتی قەیرانەکاندا، یان بوونی بەرنامەیەکی تایبەت بەخۆیان بە زمانی ئاماژە ' بەڕاستی زۆر گرنگە بۆ ئێمە ئێستا ئێمە واهەست دەکەین دابڕاوین لە کۆمەڵگە و ئاگاداری هیچ شتێک نین خۆزگە تەنها ڕۆژی یەک جاریش بێت زمانی ئاماژە لەناو تەلەفزیۆنەکاندا هەبێت'، بەڵام نابیستان بۆ دەستخستنی زانیارییەکانیان زۆر پشت بە میدیا نابەستن و ناگەڕێنەوە بۆی ئەویش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی؛ یەکەم لەپەیام و بابەتەکانی میدیا تێناگەن، چونکە لەکاتی بەرنامەو هەواڵەکاندا سود لەوەرگێر وەرناگرن. دووەم؛ نابیستەکان هەست بەجۆرێک لە شەرم و بێزاری دەکەن کاتێک بۆ هەر بابەتێکی ناو میدیا داوای هاوکاری لە ئەندامانی ناو خێزانەکانیان بکەن ' وەک خۆم زۆر بەکەمی سەیری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن دەکەم چونکە ڕاستی هیچ شتیک لەپەیامەکانی ناوی تێناگەم نازانم باسی چی دەکەن، وەهەست بەبێزاری دەکەم کاتێک ئەوەندە پرسیار لە چواردەورم بکەم بۆ ئەوەی بۆم شەرح بکەن کە چی ڕوودەدات و چی ڕوونادات'.

نەبوونی وەرگێری تایبەت بە نابیستەکان لەلایەک، شارەزا نەبوون لە زمانی ئاماژە لەلایەکی دیکەوە، دوو هۆکارن وادەکەن نابیستەکان لەکاتی قەیرانەکاندا ڕێگای جیاواز بگرنەبەر بۆ کۆکردنەوەو وەرگرتنی زانیاری؛ پرسیارکردن لە ئەندامانی خێزانەکانیان و داوای هاوکاریکردن لێیان سەرەکیترین ڕێگای بەستنەوەی نابیستەکانە بە میدیاوە، دەستخستنی زانیاری دەربارەی قەیرانەکانی وەک پەتای گشتگیری کۆڤید-١٩. هەروەها ئەو وێنانەی کە بڵاو دەکرێنەوە، واتە کەسی نابیست لەبەرئەوەی لەکاتی هەواڵەکاندا هیچ وەرگێرێک نییە، بۆیە بەناچاری خۆی دێت لەڕێگەی وێنە و ڤیدیۆکانی تایبەت بە هەواڵەکەوە دەست بەشیکاری دەکات و هەوڵدەدات لە ڕێگەی جوڵەی ڤیدیۆکانەوە لەمەبەستی ڤیدیۆکان تێبگات، خۆئەگەر ڤیدیۆکان ئاڵۆزبن بۆ تێگەیشتن ئەوە ناچار دەبن دووبارە داوا لەئەندامانی خێزانەکەیان بکەن هاوکاریان بن لە ڕوونکردنەوەی ئەو وێنە هەواڵییە.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەپێی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەمان نابیستەکان لەچاوەڕوانی ئەوەدان میدیای کوردی بتوانێت گرنگیان پێبدات ئەویش لەرێگەی دابینکردنی وەرگێری زمانی ئاماژەی بۆ بەرنامەو هەواڵەکان. ' ئەوەی تاوەکو ئێستا هەیە هیچ گرنگیەک بە ئێمە نەدراوە بەداخەوە. ئەگەر سەیری هەموو کەناڵەکوردییەکان بکەین یەک بەرنامە نابینی زمانی ئاماژەی تێدابێت'. هەروەها گرنگی نەدان بە خواستەکانیان والێکدەدرێتەوە کە پشتگوێ خراون و هیچ گرنگیان پێنادرێت. چونکە باوەڕیان وایە لەکاتی قەیرانەکاندا کە زانیاری زۆر گرنگە بۆ خۆت و ئەوانی دیکەش پاراستن، بەڵام هیچ لایەنێک بەو ئەندازەیە گرنگی بە نابیستەکان نەدەدا، بۆیە هەست بە کەنارگیری و جۆرێک لە گۆشەگیری دەکەن.

## ٨. دەرئەنجام:

1. هەرچی خەڵکی زانیاری زیاتربێت لەسەر دۆخە قەیراناوییەکان، متمانەی زیاتر دروست دەبێت، لێرەشەوە قەیرانەکان زوتر کۆنترۆڵ دەکرێن. هەبوونی متمانە لەنێوان هاوڵاتیان و دەزگا پەیوەندیدارەکان بە قەیران کە میدیا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی ئەم متمانەیەدا، دەتوانرێت زووتر قەیرانەکان کۆنترۆڵ بکرێت.
2. میدیا یەکێکە لەو لایەنانەی لەسەردەمی قەیرانی کۆڤیدا نابیستەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری پشتیان پێبەستووە و وەک سەچاوەی زانیاری نوێ دەربارەی بارودۆخەکە سودیان لێوەرگرتووە.
3. نابیستەکان لەکاتی قەیرانەکاندا سوود لە زانیارییەکانی میدیای کوردی وەرناگرن، ئەویش لەبەر نەبوونی وەرگێری تایبەت بە زمانی ئاماژە لە بەرنامەو هەواڵە تەلەڤزیۆنەکاندا.
4. لەکاتی قەیرانەکاندا، خێزانەکان سەرچاوەی یەکەمی وەرگرتنی زانیارین بۆ نابیستەکان.

## ٩. پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

1. بۆ دامەزراوە میدیاییەکان:

- دامەزراوە میدیاییەکان دەبێ وەرگێرانی ڕاهێنراو خاوەن بڕوانامە لەبواری زمانی ئاماژەدا دابمەزرێنن کە بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر زانیاری گرنگ بگەیەننە کۆمەڵگەی نابیستەکان. وەرگێرەکان پێویستە لە شوێنی پرێسکۆنفرانسەکان یان لە ناو ستۆدیۆدا ئامادەبن.
- دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن تەکنەلۆژیا نوێکانی بواری زمانی ئاماژە بەکاربهێنن، وەک ئاڤاتاری زمانی ئاماژە کە بە AI کاردەکەن نوسین و دەنگ دەگۆڕن بۆ زمانی ئاماژە، یان ئامرازەکانی نووسینەوەی ڕاستەوخۆ بۆ تەواوکردنی وەرگێڕان و دڵنیابوون لەوەی کە ناوەڕۆک بە شێوەیەکی گشتگیر دەستراگەیشتوە.
- هاوکاری لەگەڵ گروپەکانی داکۆکیکردن لە نابیستەکان: دامەزراوە میدیاییەکان پێویستە لەگەڵ گروپەکانی داکۆکیکردن لە نابیستەکان پەیوەندی دروستبکەن بۆئەوەی باشتر لەپێداویستییەکانیان تێبگەن لە کاتی قەیرانەکاندا.
- پێویستە ژوورەکانی هەواڵ (ستافەکانیان) ڕابهێنن لەسەر گرنگی ئامادەبوونی وەرگێرەکان و چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ وەرگێرەکانی زمانی ئاماژەدا.

2. **حوکمەت و تیمەکانی کۆنترۆڵکردنی قەیران:**

- پێویستە بە شێوەیەکی یاسایی داوا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکرێت کە پەیوەندی دەستڕاگەیشتن بەزانیاری بۆ نابیستەکان لە کاتی قەیرانەکاندا دابین بکەن. ئەمەش بە ئامادەکردنی وەرگێڕی زمانی ئاماژە لە کاتی قەیرانەکاندا.
- دەبێت بنکەی دەستڕاگەیشتن بەزانیاری فراوان بکرێت بەمەبەستی کۆکردنەوەی هەموو جۆرە زانیارییەک لەکاتی قەیرانەکاندا، لەوانەش ڕاوێژکاری تەندروستی، کەرەستەی پەروەردەیی، هەڵمەتەکانی سەلامەتی گشتی، دڵنیابوون لەوەی کە کەسانی نابیست دەستیان بە هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکان دەگات.
- خولی تایبەت بە فێربوونی زمانی ئاماژی بکرێتەوە بۆ نابیستەکان و هەوڵبدرێت زمانێکی کوردی ستاندارد تایبەت بە زمانی ئاماژە دروست بکرێت.

3. بۆ ڕێکخراوە ناحوکمییەکان: کەمپەینی تایبەت ڕابگەیەنن و باس لە گرنگی زانیارییەکان بکەن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستەیی تایبەت، بۆ بە کلتورکردنی گیانی هاوکاری و بەگرنگەوە ڕوانین لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە فارسییەکان**


- اولمر، ر. ر.، سگون، ت. ا.، سیگر، م. (۱۳۹۱)، ارتباطات بحران تبدیل بحران به فرصت، مترجم. مرتضی قلیچ و محمد حسن خطیبی بایگی، دانشگاه امام صادق، تهران.

- ضيايي پرور، ح. (۱۳۹۰)، مدریت رسانه ها: طالعه موردی جنگ امریکا – عراق ۲۰۰۳، رسانه ها و مدریت بحران، مجمهعه مقالات، پژوهشکده رهبردی، ایران.

- مرشیدی، م. (1388)، رسانەها و بحران، ضاث اول، انتشارات سروش هدایت، تهران.

- نصراللهی، ا. (1389)، مدیریت پوشس خبری بحران دس رسانەهای حرفەاي، چاپ اول، نشانه، تهران.

- نصراللهی، ا. (1389)، مدیریت پوشس خبری بحران دس رسانەهای حرفەاي، چاپ اول، نشانه، تهران.

- ویلیام اوث ویت، و. ا. (۱۳۸٦). هابرماس - معرفی انتقادی -، ترجمه: لیلا جوافشانی و حسن چاوشیان، چاپ اول، اختران، تهران.

- اولمر، ر. ر.، سگون، ت. ا.، سیگر، م. (۱۳۹۱)، ارتباطات بحران تبدیل بحران به فرصت، مترجم. مرتضی قلیچ و محمد حسن خطیبی بایگی، دانشگاه امام صادق، تهران.
- بیرودیان، ن. (1385)، مدیریت بحران – اصول ایمنی در حوادث غیر منتظره، انتشارات جهاد دانشگاهی مشهد.رضایی، ا. ع. و بختیار، م. (1390)، مدیریت بحران, چاپ اول, شرکت بین المللی پژوهش و نشر یادآوران. تهران.
- بیرودیان، ن. (1385)، مدیریت بحران، چاپ دوم، انتشارات جهاد دانشطاه مشهد، مشهد.
- رشیدی، م. 1388، رسانة ها و بحران، چاپ اول، انتشارات سروش هدایت، تهران.
- شرام، و. (۱۳۸۱)، زندگی و ئەندیشه پیشتازان علم ارتباطات (یک سرگذشت شخصی)، ویراستاران استیون اچ. چافی - اورت ام راجرز، مجترمان: غلامرضا آذری - زهرا آذری، چاپخانه، غزال، تهران.

- مهدی زاده، سیدمحمد. ۱۳۹۱، نظریه های رسانه اندیشه های رایج و دیدگاه های انتقادی، چاپ دوم، انتشارات همشری، تهران، ایران، ص۱٤.
- نصراللهی، ا. (1389)، مدیریت پوشش خبری بحرن در رسانهای خرفه ای، چاپ اول، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی. تهران.
- ویلیامز، ك. (1390)، درك تئوری رسانه، مترجم، رحیم قاسمیان، چاپ دوم، تهران.


**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**


- Ball-Rokeach, S.J. DeFleur, M. L. 1976. A Dependency Model of Mass-Media Effects. Communication Research, p 5-6
- Casero-Ripollés, A. (2020). Impact of Covid-19 on the media system: Communicative and democratic consequences of news consumption during the outbreak. *El Profesional de la Información, 29*(2), Article e290223. https://doi.org/10.3145/epi.2020.mar.23
- Deaf Australia. (2020). *COVID-19 updates*. Retrieved November 23, 2024, from https://deafaustralia.org.au/category/covid-19-updates/
- Human Rights Watch. (2024, June 4). Iraqis with disabilities excluded from jobs. Human Rights Watch. https://www.hrw.org/news/2024/06/04/iraqis-disabilities-excluded-jobs.
- International Organization for Migration. (2022). Sign language report (Updated Kurdish). Retrieved from https://iraq.iom.int/sites/g/files/tmzbdl1316/files/documents
- Ball-Rokeach, S. J., & DeFleur, M. L. (1976). A dependency model of mass-media effects. *Communication Research, 3*(1), 3–21.
- Thomas, T., Wilson, A., Tonkin, E., Miller, E. R., & Ward, P. R. (2020). How the media places responsibility for the COVID-19 pandemic—An Australian media analysis. Frontiers in Public Health, 8, Article 483. https://doi.org/10.3389/fpubh.2020.00483
- Walaski, P. (2011). *Risk and crisis communications: Methods and messages*. John Wiley & Sons, Canada. Pp. 37.
- Saah, S. (2022, September 23). *For the Deaf Community, Sign Language Equals Rights: Governments Should Act to Ensure Greater Inclusion*. Human Rights Watch. Retrieved from https://www.hrw.org/news/2022/09/23/deaf-community-sign-language-equals-rights
- Ball-Rokeach, S. J., & DeFleur, M. L. (1976). A dependency model of mass-media effects. *Communication Research*, *3*(1), 3–21.

- Lowrey, W. (2009). Media dependency during a large-scale social disruption: The case of September 11. *Mass Communication and Society*, *12*(4), 343–360.
- Mcquail's Media & Mass Communication Theory Seventh Edition, pp 163-64.
- Anwar, A., Malik, M., Raees, V., & Anwar, A. (2020). Role of mass media and public health communications in the COVID-19 pandemic. *Cureus, 12*(9), e10453. https://doi.org/10.7759/cureus.10453
- Panko, T. L., Contreras, J., Postl, D., Mussallem, A., Champlin, S., Paasche-Orlow, M. K., Hill, J., Plegue, M. A., Hauser, P. C., & McKee, M. (2021). The Deaf community's experiences navigating COVID-19 pandemic information. *HLRP: Health Literacy Research and Practice, 5*(2), e162–e170. https://doi.org/10.3928/24748307-20210503-01
- Yeratziotis, A., Achilleos, A., Koumou, S., Zampas, G., Thibodeau, R. A., Geratziotis, G., Papadopoulos, G. A., Iasonas, I., & Kronis, C. (2023). Making social media applications inclusive for deaf end-users with access to sign language. *Multimedia Tools and Applications, 82*(46185–46215). https://doi.org/10.1007/s11042-023-17196-7
- Bukhari, W. (2020). Role of social media in COVID-19 pandemic. International Journal of Frontiers in Science, 4(2), 59–60.
- World Health Organization. (2023). *WHO Coronavirus (COVID-19) dashboard: Deaths* [Dashboard]. Retrieved from https://data.who.int/dashboards/covid19/deaths
- Alsayed, R., Ali, A. A., Makia, R., Kadhom, M., Raheem, R., Al-Obaidi, O., Hadi, A., Sabir, D. K., & Yousif, E. (2020). Challenges facing Iraq to tackle the spread of COVID-19: An overview. *Journal of University of Anbar for Pure Science (JUAPS)*, *14*(2), 22–27. P-ISSN 1991-8941; E-ISSN 2706-6703.
- Alsayed, R., Ali, A. A., Makia, R., Kadhom, M., Raheem, R., Al-Obaidi, O., Hadi, A., Sabir, D. K., & Yousif, E. (2020). Challenges facing Iraq to tackle the spread of COVID-19: An overview. *Journal of University of Anbar for Pure Science (JUAPS)*, *14*(2), 22–27. P-ISSN 1991-8941; E-ISSN 2706-6703.
- Alsayed, R., Ali, A. A., Makia, R., Kadhom, M., Raheem, R., Al-Obaidi, O., Hadi, A., Sabir, D. K., & Yousif, E. (2020). Challenges facing Iraq to tackle the spread of COVID-19: An overview. *Journal of University of Anbar for Pure Science (JUAPS)*, *14*(2), 22–27. P-ISSN 1991-8941; E-ISSN 2706-6703.
- Hussein, N. R., Saleem, Z. S. M., Ibrahim, N., Musa, D. H., & Naqid, I. A. (2020). The impact of COVID-19 pandemic on the care of patients with kidney diseases in Duhok

City, Kurdistan Region of Iraq. *Diabetes & Metabolic Syndrome: Clinical Research & Reviews*. https://doi.org

- Hussein, N. R., Musa, D. H., Ibrahim, N., Naqid, I. A., Saleem, Z. S. M., & Jacksi, K. (2020). Impact of COVID-19 pandemic on surgical practice in Kurdistan, Iraq: An online cross-sectional survey. *International Journal of Surgery Open, 27,* 47–51. https://doi.org/10.xxxx/yyyyy
- Mohammad, P. J., Amine, S. M., Sabir, D. K., Saeed, F. J., & Hama Amin, D. S. (2021). Psychological impact of COVID-19 on healthcare workers in the Kurdistan Region, Iraq. *Health Education and Health Promotion, 9*(3), 303–308. https://jamanetwork.com/journals/jamanetworkopen/fullarticle/2763229